

SRCK
ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی - کوردستان
SOCIALIST REVIEW CENTER-KURDISTAN


TROTSKY IS DEAD

↑ Trotsky Death Weapo

← Dying, He Blamed Stalin



# حەفتا و هەشت ساڵ دوای تیرۆری ترۆتسکی

کۆکۆکردنەوە و وەرگێڕان: پێشڕەو محەمەد

ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

# حەفتا و هەشت ساڵ دوای تیرۆری ترۆتسکی

کۆکۆکردنەوە و وەرگێڕان

پێشڕەو محەمەد

**ناوی کتێب:** حەفتا و هەشت ساڵ دوای تیرۆری ترۆتسکی

**کۆکۆکردنەوە و وەرگێڕان:** پێشڕەو محەمەد

**دیزاین:** یەکەی هونەریی ناوەند

**بڵاوکەرەوە:** ماڵپەڕی سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیۆنال (isk21.org)

**لە بەرهەمەکانی:** ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

**ساڵی بڵاوکردنەوە:** ٢٠١٨

# تیرۆرکردنی ترۆتسکی

**ئێرنست مەندڵ**

ژاک مۆرنار بانگەشەی ئەوەی دەکرد بەلجیکییە، لەڕاستیدا ناوی ڕۆمەن مەرکادۆر بوو و خەڵکی کەتەلۆنیای ئیسپانیا بوو. ئەو لە ساڵی 1937 ببووە پەنابەری مەکسیک و دەست و بازووی ستالین بوو لەو وڵاتەدا. ڕۆمەن مەرکادۆر لە 22ی ئابی 1940 بە تەورێک و کێشانی بە سەری ترۆتسکیدا، سەر و ئێسقانی سەری ورد کرد، مەرکادۆری پەنابەر هەر لە هەمان ڕۆژ و ساڵی 1937ی چوونی بۆ مەکسیک، خەریکی داڕشتنی ئەم پیلانگێڕییە بوو.

بکوژ بە پۆلیسی گوت کە ناوی ژاک مورنارە و خەڵکی بەلجیکایە. ئەم ئەکتەر و بەکرێگیراوەی تیرۆرکردنی ترۆتسکی، بە تاقی تەنها ئەم پیلانگێڕییەی ڕێکنەخستبوو. بکوژی ترۆتسکی لەڕێگای پەیوەندییگرتنی بە ترۆتسکیستێکی لاوەوە بەناوی سیلیڤا ئیگلۆف، کە ناوی ڕاستەقینەی فرانک جەکسن بوو و

لەمیانەی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا پەنابەر بوو لە مەکسیک، بە ڕاکێشانی متمانەی پارێزەرانی ترۆتسکی، چەندین جار چووبووە ماڵی ترۆتسکی لە دەوروبەری مەکسیکۆسیتی، کە زۆر بە توندیی پارێزگاریان لەم ناوچەیە دەکرد.

یەکەم هەوڵی تیرۆرکردنی ترۆتسکیی چەند مانگ پێش تیرۆرکردنەکەی، شکستی هێنابوو. لە 24ی ئایاری 1940 لە سەعات 4ی بەرەبەیانی گروپێکی کۆماندۆیی بیست کەسی هێرشیان کردبووە سەر ماڵی ترۆتسکی و بۆ چەند دەقەیەک گوللەبارانکردن دەستڕێژیی دەکەنە سەر ژووری خەوتنی ترۆتسکی. دوو ڕوومانەی ئاگراوی و بۆمبێکی سەعاتی بەرەو ژوورەکەی ترۆتسکی فڕێدەدەن کە بەشێوەیەکی موعجیزەئاسا ڕوومانەکان ناتەقنەوە. ترۆتسکی و هاوسەرەکەی پەنا دەبەنە ژێر جێخەوەکە و نەوەکەیان بەناوی "سی یۆڤا" وەک ئەوان ئەم کارە دەکات.

جەکسن کێ بوو؟ چاپەمەنییە ستالینیستییەکان دوای ئەم تیرۆرە سەرنەگرتووە بەڕواڵەتێکی تووڕە و بە مشتومڕەوە ئەم هەوڵی تیرۆرکردنە دەدەنە پاڵ ترۆتسکی خۆیەوە. ئەوان بانگەشەی ئەوەیان کرد ترۆتسکی بە ڕێکخستنی تیرۆری ناسەرکەوتووی خۆی دەویست هەم خۆی زەق بکاتەوە و هەم پارتی کۆمۆنیستی مەکسیک و ستالین تۆمەتبار بکات. دوای مانگێک

لەم ڕووداوە سی کەس خزێنرانە نێو زیندانەوە، کە زۆرینەیان ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی ئیسپانیا بوون. بەرپرسی ئەم تیمەی تیرۆر تابلۆسازی بەناوبانگی ئیسپانیی بەناوی "دەیڤد ئەلفارۆ سیە کیە رووس"، ئەفسەرێکی کۆن لە سوپای ئیسپانیا، ڕایکرد. ترۆتسکی پێیوایە ئەو لە ساڵی 1928 چووەتە ڕیزی ک.گ.پ، پۆلیسی سیاسیی ستالین. دواتر لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخست کە دەیڤد ئەلفارۆ سیە کیە روس، لە ئیسپانیاشدا لەگەڵ جەکسن یەکتریان ناسیوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ناسنامەی فرانك جەكسن

هەر بەڕاست فرانک جەکسن کێ بوو؟ ئەوە دوای تێپەڕینی دە ساڵ بەسەر ڕووداوەکەدا بوو کە بەرپرسە ڕەسمییەکان کەوتەوە بیریان کەسایەتیی ڕاستەقینەی جەکسن ئاشکرا بکەن. لەناکاو لەباخەڵی چاکەتەکەیدا نامەیەک دەدۆزرێتەوە کە پاڵنەری تیرۆرکردنی ترۆتسکی شیدەکاتەوە. بە پشت بەستن بەم نامەیە جەکسن ترۆتسکیستێکی نائومێدە کە ڕقی لە ترۆتسکی دەبێتەوە، کە بۆچی لەلایەن ترۆتسکییەوە پێشنیاری بۆ دەکرێت بڕواتە سۆڤێت، لەوێ دەست بەکاری خراپ بکات، دەستبکات بە لاوازکردنی وزەی سوپای سور و دواجار ستالین تیرۆر بکات. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە بۆ نموونە بڕیار بوو لەلایەن وڵاتێکی

گەورەوە پشتیوانیی بکرێت (مەبەست ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، لەو ڕۆژانەدا ترۆتسکی نەیدەتوانی ببێتە خزمەتکار و جاسوسی نازییەکان، چونکە ڕێککەوتنامەی نێوان ستالین و هیتلەر بۆ دابەشکردنی پۆڵەندا ئیمزاکرا بوو و نەیاندەتوانی سوود لەم فێڵ و تەڵەکەیە وەرگرن).

بۆ ماوەی چل ساڵ هەموو ئەم تۆمەتە ساختە و تەزویر و خورافیانە لەلایەن کەم و زۆر هەموو پارتە کۆمۆنیستییەکانی سەرتاسەری جیهانەوە دووبارە دەکرانەوە. لە ساڵی 1969 ڕابەری پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا "لیۆ فیگەیر" لە کتێبەکەیدا "ترۆتسکیسزم دژی لینینیزمە" هێشتا سەر بەمجۆرە ساختەکاریانەیە. کاتێک وێنەکانی بکوژەکەی ترۆتسکی لە چاپەمەنییەکاندا بڵاو بووەوە، چەند کەسێک لە خەباتگێڕانی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا (کە زۆرینەیان لە مەکسیک پەنابەر بوون) سەرنجیان چووە سەر ناسنامەی ڕاستەقینەی ڕۆمەن مەرکادۆر، ئەم چالاکوانە کۆمۆنیستییە. وێڕای ئەمە، بۆ گەیشتن بە دڵنیاییەکی تەواو دەبوو تا ساڵی 1950 لەچاوەڕوانیدا بمێننەوە. تاوانناسێکی مەکسیکی کە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەیەکدا ڕۆیشتبووە ئەورووپا لەلایەن دەوڵەتی مەکسیکییەوە بۆ لێکۆڵینەوە دەنێردرێتە ئیسپانیا. ئەو بە بەراوردکردنی شوێنی پەنجەی بکوژەکەی ترۆتسکی بە شوێنی پەنجەی مەرکادۆری

لاو لە ئەرشیڤی پۆلیسدا، کە لە حوزەیرانی 1935دا زیندانی کرابوو، بۆی دەردەکەوێت کە ئەوە ڕۆمەن مەرکادۆری بکوژی ترۆتسکییە.

لە ساڵی 1953 ستالین مرد و بەدوایدا لە هەموو بەڵگەنامە ڕەسمییەکاندا ناوی ژاک مۆرنار ڕەشدەکرێتەوە و ناوی مەرکادۆر لەشوێنی دادەنرێت. "کاریداد مەرکادۆر" دایکی بکوژەکە چالاکوانێکی یەکێتیی سۆسیالیستەکانی کەتەلۆنیا و سەر بە کۆمینترنی ستالینیستیی بوو. گارۆ، یەکێک لە ڕابەرە ستالینیستییەکانی دواتری هەنگاریا کە لەو ڕۆژگارەدا وەک دیپلۆماتکارێکی ڕەسمیی لە ئیسپانیا کاری دەکرد، کاریداد مەرکادۆر دلە گ. پ. ئۆ. پۆلیسی سیاسیی ستالیندا دادەمەزرێنێت. بە نێوانگریی و هاتنەناوەوەی گ.پ.ئۆ دایکی بکوژەکەی ترۆتسکیی دەبێتە مەعشوقەی "ئێنیگۆن". ئەم کەسە ژەنەراڵێکی گ.پ.ئۆ بوو و وەزیفەکەی بریتی بوو لە ناسین و لەناوبردنی دیپلۆماتکارە ناسراوە گومانلێکراوەکان کە دژی ستالین بوون.

ڕۆمەن مەرکادۆر بە بیست ساڵ زیندانیی لە مەکسیک سزا دەدرێت (بالاترین تاوانی پێشبینیکراو لە یاسا تاوانکارییەکانی مەکسیکدا)، ئەو دوای بیست ساڵ حەبسکردن، لە ساڵی 1960 لە زیندان ئازاد دەبێت. ئەو لەڕێگای کوباوە دەچێتە

چیکۆسلۆڤاکیا و لەوێشەوە دەچێتە سۆڤێت. لەوێدا وەک "پاڵەوانێکی یەکێتیی سۆڤێت" ڕێزی لێدەگیرێت و "مەدالیای لینین"ی پێدەبەخشرێت. لە ساڵی 1978 مەرکادۆر دەمرێت و بەخاک دەسپێردرێت، بێ ئەوەی هیچ قسەیەکی لەسەر چۆنایەتیی تیرۆرکردنی ترۆتسکی کردبێت.

## فەرمانی ستالین

ئەمڕۆ هەمووان بەڕەسمی دانیان ناوە بەوەی ستالین دەستی لەم تاوانەدا هەبووە و بە سەرپەرشتیاریی ڕاستەوخۆی ئەو کراوە، بۆ نموونە خودی یەکێتیی سۆڤێت و بەتایبەت پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا. ڤالنتین کامپا، یەکێک لە ڕابەرانی پارتی کۆمۆنیستی مەکسیک، لە ساڵی 1940 دوای بڵاوبوونەوەی یاداشتەکانی، لە ڕابەرایەتیی حزب لادەبرێت. ئەویش تەنها بەو هۆیەی هیچ جۆرە جۆش و خرۆشێک بۆ تیرۆری ترۆتسکی پیشان نادا و نەیدەویست پارتی کۆمۆنیستی مەکسیک بەشداریی لە ئامادەکاریی ئەم کردەوەیەدا بکات.

بڵاوکراوەی ئومانیتە، زمانحاڵی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا لە ڕۆژەکانی 26 و 27ی ساڵی 1978دا پوختەیەکی یاداشتەکانی ڤالنتین کامپا دەربارەی فەرمانی ڕاستەوخۆ و یەکلاییکراوەی ستالین لەسەر تیرۆرکردنی ترۆتسکی بڵاودەکەنەوە. بەڵام ئەم

وتارانە تەنها دووبارەکردنەوەی بابەتە کەشفکراوەکان بوون و خاڵی نوێیان تێدا نەبوو، لە بنەڕەتدا هیچ ئاماژەیەک بەو کەسانە ناکات کە ڕێکخەرانی سەرەکیی ئەم تاوانە بوون.

لەهەمووی پێکەنیناویتر، دوای تیرۆرکردنی ترۆتسکی، جۆرج فۆرینالّی کۆنەستالینیست، دەبێتە بەرپرسی بەڵگەنامە و ئەرشیڤەکان. "مامۆستای لاوی جۆرج فۆرینالّ"، هەمان ئەو کەسە بوو کە چاپەمەنییە ترۆتسکیستییەکان لە شوباتی 1938 ئەویان وەک جاسوسی گ.پ.ب.ئۆ دەستنیشان کردبوو. ئەو لەم میانەیەدا بۆ بەسەربردنی پشووی شەش مانگی سەفەری مەکسیک دەکات تا لەڕواڵەتدا وەک نوێنەرێک لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالیستیی کرێکاراندا پەروەردە ببێت و بەشداری بکات، بەڵام لەڕاستیدا ڕێکخەری سەرەکیی ئەم تاوانە بوو... هەرچۆنێک بێت، بە شوکرانەی ڤالانتین کامپا، خەباتگێڕانی کۆنی پارتی کۆمۆنیست لەگەڵ سی و هەشت ساڵ دواکەوتندا تێگەیشتن ڕابەرانی خۆشەویستیان نەک تەنها درۆزن، بەڵکو مرۆڤکوژیش بوون.

شتێکی سەیروسەمەرەتر لەوە بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی کتێبێک دەربارەی ترۆتسکی لە مۆسکۆ لەلایەن ژەنەڕاڵ ڤۆلکۆلۆنۆڤ، بەڕێوەبەری پەیمانگای مێژووی سەربازیی یەکێتیی سۆڤێتەوە، کە بەم دواییانە کتێبێکیشی لەسەر ستالین

نووسیوە. ژەنەڕاڵ لە چاوپێکەوتنێکدا بە پەیامنێری ستامپا (ژمارەی 26ی تەمموزی 1990) دەڵێت دەستی گەیشتووە بە ئەرشیفی ن.ک.ڤ.د ، بۆ نموونە ئەرشیفەکانی ستالین و ترۆتسکی. ئەو دەڵێت گەورەترین کۆمەڵە بەڵگەنامەی پەیوەست بە ترۆتسکی پەیدا کردووە، کە بریتییە لە چل هەزار بەڵگەنامە، هەزاران وێنە و شایەتیی دەیان کەس. ئەو دەیەوێت بەشێک لەم بەڵگەنامانە بڵاو بکاتەوە، وەک فەرمانی کوشتنی ترۆتسکی لە بەرواری 1931دا، کە بە ئیمزاکانی ستالین، ڤۆرۆشیلۆڤ، مۆلۆتۆڤ، و ئۆردژڤیکیدزا و لە ساڵی 1934دا دووبارە جەختی لەسەر کراوەتەوە.

سەرەنجام ڤۆلگۆکۆنۆڤ ناوی ڕێکخەر و بکوژی ترۆتسکی ئاشکرا کرد و ناوی ئێنیگیۆن (ژەنەڕاڵی گ.پ.ئۆ و مەعشوقەکەی بەناوی کاریداد مەرکادۆر – دایکی بکوژەکەی ترۆتسکی) دەهێنێت. ئێستا ژەنەڕاڵ پیاوێکی 85 ساڵانە و 15 ساڵی بەهۆی خرۆشۆڤەوە لەزیندان بەسەربردووە. وێڕای ئەوە ڤۆلگۆکۆنۆڤ سەرکەوتووبوو لەوەی وابکات ئێنیگیۆن قسە بکات. بەقەولی ئەو بڕیاری تیرۆرکردنی ترۆتسکی یەکەم جار لە سێپتێمبەری 1931 دراوە. بەڵام ئەوە ساڵی 1934 بوو تەڵەیەک بۆ ڕاوکردنی ترۆتسکی دانرا... بەرپرسیارێتیی ئەم ئەم تەڵە و کوشتنە بە تیرۆرکردنی ترۆتسکی تەواو نەدەبوو، بەڵکو

مەوالنامەی کتێب

بریتیی بوو لە لەناوبردنی هەموو نەیارانی ستالین لە هەر گۆشەیەکی جیهان. شاخەکانی ئەختەبوتی پۆلیسی سیاسی ستالینیی لە هەموو شوێنێک هەبوون. ئەمە خزمەتگوزارییەکی نهێنیی بوو لەناوەوەی ڕێکخراوی تۆقێنەری شاراوەی پۆلیسی سیاسیی و ئامانجەکەی لەناوبردنی ئەو پەنابەرانە بوو کە دژی ڕژێمی ستالینیستیی خەباتیان دەکرد، واتا ئەو کەسانەی مەترسی بوون بۆ ستالین، چونکە زانیاریی زۆریان هەبوو و دەبوو لەناوببرێن.

هەوالنامەی کتێب

## "تراژیدیا-کۆمیدیایەك"

ڤۆلگۆکۆنۆڤ بەوەفا بۆ ئایدیاکانی گۆرباچۆڤ، ئەو کەسەیە کە ستایشی زۆرێک لە ئایدیا و بیرۆکەکانی ترۆتسکی دەکات (بەگشتیی [ستایشیی بیرۆکەی] دژەستالینیزمبوونەکەی لە هەمان ساڵەکانی بیستەکاندا دەکات)، بەڵام لەیەک مەیداندا چڕنوک و کەڵبەکانی پیشانی ئەو دەدات و دەنووسێت: "ترۆتسکی زیندانیی ئایدیایەکی تەواو هەڵە، واتا ئایدیای شۆڕشی جیهانیی بوو. تەنانەت حەفتەیەک پێش مەرگی خۆشی، بۆ ئەم ئایدیایە بە وەفا بوو و ئیمانی بە سەرکەوتنی شۆڕشی جیهانیی هەبوو". بەڵێ، هاوڕێ ژەنەڕاڵ! ترۆتسکی دەقاودەق لە هەمان خاڵی لاوازیی خۆیدا لەگەڵ لینین بۆچوونێکی هاوبەشیان

هەبوو. ڕەنگە ئەمە بابەتی کتێبەکەی دواتری ئێوە بێت. بەڵام ستالین لە ساڵی 1935 بە "ڕۆی هۆوارد" دەڵێت ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت یەکێتیی سۆڤێت ڕۆژێک دەبێتە پاڵنەری شۆڕشی سۆسیالیستیی، زیاتر لە "کۆمیدیا-تراژیدیا"یەک دەچێت. ڕەنگە ئێوە لەداهاتوودا ڕۆژێک لەوە تێبگەن ئەگەر ئەمڕۆ دڵخۆشن بەهۆی ئازادیی دەربڕینەوە، ئەگەر لە سەرتاسەری ئەوروپا دەبێت لەنێو حاویەی مێژوودا بەدوای ستالینییەکاندا بگەڕێن، هەموو ئەمە بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەم "تراژیدیا-کۆمیدیا"یە، ئایدیایەکی تەواو هەڵە، هێشتا بەبەهێزیی خۆی ماوەتەوە و دەنگدانەوەی گوێکانمان پڕ دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

# حەفتاوهەشتەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی لیۆن ترۆتسکی

**جۆزێف کیشور**

حەفتاو شەش ساڵ پێش ئێسا لە ڕۆژی 20ی ئابی 1940دا، لیۆن ارۆاسکی، ڕابەری شۆڕشی ڕووسیا و دامەزرێنەری ئەنتەرناسیۆنالی چوار، بە تیغی تەوری بەفرشکێنی خزمەتکار و عەملیلی ستالین، ڕۆمەن مەرکادۆر، تیرۆرکرا. ئەم هێرشە لە ماڵی ڤێلایی ترۆتسکیی لە "کیۆئاکان"ی مەکسیکدا، وەک دوایین شوێنی دوورخستنەوەی ترۆتسکی، ڕوویدا. ئەم شۆڕشگێڕە مەزنە ڕۆژی دواتر بەهۆی توندی و قوڵیی برینەکانی لە تەمەنی 60 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

تیرۆرکردنی ترۆتسکی، لە خاڵی بەهێزی کۆنەپارێزیی سیاسیی جیهانیی ڕوویدا، واتا سەرکەوتنی فاشیزم لە ئەڵمانیا لە ساڵی 1933، شکستی شۆڕشی ئیسپانیا لە 1936–1939، دادگاییکردنەکانی مۆسکۆ و پاکتاوکردنی گەورەی ساڵانی 1936–1938، و دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهان لە

سێپتێمبەری 1939دا. تیرۆری ترۆتسکی، وەڵامێک بوو لەلایەن بیرۆکراسییەتی ستالینیستییەوە – وەک خزمەتکاری سیاسیی ئیمپریالیزم – بۆ ئەو مەترسییەی ترۆتسکیی بە بەرگریکردن و خەباتکردن لەپێناوی پرەنسیپەکانی مارکسیزمدا دروستی دەکرد. تا ئەو کاتەی ترۆتسکی زیندوو بوو، ستالین ناچاربوو بچێتە خەباتەوە لەگەڵ سەرسەخترین دوژمنی خۆیدا.

وێڕای بەرزتربوونەوەی بێ ڕادەی ستالینیزم، ترۆتسکی توانی ئەنتەرناسیۆنالی چوار بونیاد بنێت، ئەو ڕێکخراوەی وڕیای هێرشەکانی ئەو تیرۆرستانەی ترۆتسکیان لەبەین برد، کەچی توانی درێژە بەژیان و مانەوەی خۆی بدات. حەفتاوپێنج [شەش] ساڵ دواتر، پێگە و شوێنی تایبەتی ترۆتسکی لە مێژووی سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیۆنالیزمدا، حەقیقەتێکە بێچەندوچوون و حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرە. ترۆتسکی زیاتر لەپێشوو وەک ڕووخسارێکی مێژوویی لە جیهاندا دەردەکەوێت کە نەک تەنها کاریگەریی لەسەر ڕەوتی سەدەی بیستەم بەجێهێشتووە، بەڵکو نووسینەکانی و بیروبۆچوونەکانی وەک ڕێنماییە سەرەکییەکانی بۆ ئاراستەکردنی چینی کرێکار ماوەتەوە، کە پێدەنێتە نێو قۆناغێکی تازەی خەباتی شۆڕشگێڕییەوە.

ژیان و چارەنووسی ترۆتسکی، پەیوەندییەکی نەپچڕاوی بە ڕووداوە گەورەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە هەبوو.

ترۆتسکی و لینین ڕابەرانی سەرەکیی و ئەساسی شۆڕشی ڕووسیا، ئەم قەڵا بەرزە گەورەیەی خەباتی چینی کرێکاری جیهانیی بوون لەبەرانبەر تاڵان و بڕۆی سەرمایەداریی و کوشتاری کوشندەی جەنگی یەکەمی جیهانی. تیۆریی سیاسیی خودی **شۆڕش**، لەگەڵ تیۆری شۆڕشی بەردەوامی ترۆتسکیدا هاتەئاراوە کە لە ناوەڕاستەکانی شۆڕشی 1905دا سەریهەڵدا و دروستبوو. ئەم تیۆرییە ئەوەی ڕووندەکردەوە کە ئەرکە دیموکراتییەکانی وڵاتانی گەشەنەکردووی وەک ڕووسیا، تەنها بەگرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن چینی کرێکارەوە وەک بەشێکی شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانیی، قابیلی تەکمیلەبوون و گەشەکردنە.

ترۆتسکی بۆ ماوەی شەش، نەخش و ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگری لە ڕێکخستن و بەرگریکردن لە دەوڵەتی کرێکاریی سەقامگیر لەدوای ڕووداوەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە گێڕا، وەک یەکەم کۆمیسیاری کاروباری دەرەوەی ڕووسیای سۆڤێت و هەروەها دامەزرێنەر و فەرماندەی سوپای سوور.

ترۆتسکی بەهۆی ڕۆڵ و نەخشی خۆی لە شۆڕشی ڕووسیدا لە تەمەنی 38 ساڵیدا، وەک یەکێک لە گەورەترین ڕابەرانی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیسیتیی، پێگە و شوێنێکی گەورەی لە مێژوودا بۆخۆی تەرخانکردووە. وێڕای ئەمە، ئەگەر

هەواڵنامەی کنێر

ترۆتسکی زیندوو بووایە، دواتر دەینووسی بەرچاوترین و سەرەکیترین و زیندووترین بەشداریی سیاسیی ئەو، لە خەباتدا بووە دژی گەندەڵیی ستالینیستیی یەکێتیی سۆڤێت کە لە ڕۆژگاری ئەنتەرناسیۆنالی چواردا گەیشتبووە لوتکەی خۆی.

ململانێی ستالین و ترۆتسکی، خەبات و ململانێی شەخسیی نێوان دوو کەس نەبوو لەسەر دەسەڵاتی فەردیی، بەڵکو خەباتێکی بنچینەیی بوو لەنێوان دوو بەرنامەی سیاسیی دژبەیەک. سەقامگیربوونی دەسەڵاتی ستالین و دیکتاتۆرییەتی بیرۆکراتییانە کە ستالین زەقی کردبووەوە، دەرەنجامی حەتمیی شۆڕشی ڕووسیا نەبوو؛ بەڵکو لە بەرانبەردا لەناوەوەی هەلومەرجی تایبەتیی دەوڵەتێکی کرێکاریی دواکەوتوو لەڕوانگەی ئابوورییەوە لەدایکبوو کە خۆی لەدوای شکستەکانی شۆڕشی جیهانییەوە، گۆشەگیر کەوتبوو. حەوت ساڵ جەنگ و جەنگی ناوخۆیی بە پشتیوانیی ئیمپریالیزم، چینی کرێکار ئەم بناغە کۆمەڵایەتییەی شۆڕش، گەلێک شتی گەورەی لەدەستدابوو. نەخۆشیی و مەرگی لینین، کە لە دوایین ساڵی ژیانیدا نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ ترۆتسکیدا بۆ هەنگاوی هاوبەش لەخەباتدا دژی گەندەڵیی بیرۆکراتیی یەکێتیی سۆڤێت ئەنجام دابوو، ئەم مەرگەی لینین گەیشتنە دەسەڵاتی ستالینی ئاسانتر کرد.

ستالین، بەرژەوەندییەکانی دامودەزگایەکی کۆنزەرڤاتیڤ و موحافەزەکارانەی وشەبەوشە دەردەبڕی کە دەسەڵات لە چینی کرێکار وەربگیرێتەوە و پەیوەندیی ئەساسیی نێوان شۆڕش لە ڕووسیا و خەباتی چینایەتیی جیهانیش بەم هۆیەوە پچڕابوو. بەرنامەی "سۆسیالیزم لەیەک وڵات"، کە یەکەم جار لە ساڵی 1924 خرایەڕوو، لەسەر ئەم بانگەشە نادروست و دژە مارکسیستییە دامەزرابوو کە سۆسیالیزم دەتوانێت لە یەکێتیی سۆڤیێتدا سەربەخۆ لەشۆڕش لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕووسیادا بەدیبێت. لەسەر ئەم بنەمایە، چەوساندنەوەی چینی کرێکاری جیهانیی لەبەرژەوەندیی نەتەوەیی بیرۆکراسیی سۆڤیێتیدا هاتەئارا و بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەو سیاسەتانە بەکارهێنرا کە شکستی مانگرتنی گشتیی 1926ی بریتانیا و تێکشکانی شۆڕشی 1925-1927ی چین بەدوای خۆیدا هێنابووی. ترۆتسکی پاشان لە بایۆگرافیی خۆیدا باسی لەوە کرد: "کەشێکی ئاوا کە 'ئینسان نابێت هەمیشە هەموو شتێکی بۆ شۆڕش بوێت، دەبێت کەمێک بیر لەخۆی بکاتەوە' ئەمە بەم چەشنە تەرجەمە دەکرا کە 'بمرێ شۆڕشی بەردەوام'".

ترۆتسکی لە ڕەخنەی خۆیدا لەسەر ستالینیزم، تیۆری شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانیی پەرە پێدا کە ئەوەی دەرخست بەشێوەیەکی ناقابیلی بەراوردکردن، زۆر دووربینانەتر بوو لە

مانۆره کردارگەراییەکانی بیرۆکراتە ستالینیستییەکان. "ئۆپۆزیسیۆنی چەپ"، کە لە ساڵی 1923 دامەزرابوو، و پشت بەستوو بە تیۆریی شۆڕشی بەردەوام، پێداگریی لەسەر ئەوەکرد پێشڕەویکردن بەرەو سۆسیالیزم لە ناوەوەی یەکێتیی سۆڤیێتدا، وابەستەیە و بەستراوەتەوە بە گەشەکردنی شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانییەوە. ترۆتسکی لەو پەرەگرافەدا کە لە ساڵی 1930 نووسراوە، بەڵام بەهێزێکی زیاتر لە ڕابردوو لەگەڵ ئەمڕۆدا دەگونێت، ئەمە شیدەکاتەوە:

"تەکمیلەبوونی شۆڕشی سۆسیالیستیی لەناوەوەی سنووره نەتەوەییەکانەوە مەحاڵە ڕوودات. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی کۆمەڵگای بۆرژوازیی، ئەوەیە هێزە بەرهەمهێنەرە دروستکەرەکانی، چیتر ناتوانن بگونجێن لەگەڵ چوارچێوەی دەوڵەت–نەتەوەدا. لێرەوەیە لەلایەکەوە جەنگە ئیمپریالیستییەکان و لەلایەکی دیکەوە یۆتۆپیای ویلایەتە یەکگرتووە بۆرژوازییەکانی ئەورووپا دێتە ئاراوە. شۆڕشی سۆسیالیستیی لە قەڵەمڕەویی نەتەوەییدا دەستپێدەکات، لە قەڵەمڕەوی جیهانیدا پەرە دەسێنێت و فراوان دەبێت. کەواتە شۆڕشی سۆسیالیستیی لە مانای تازەتر و فراوانتری وشەکەدا، دەگۆڕێت بۆ شۆڕشێکی بەردەوام. ئەم شۆڕشە تەنها لە

سەرکەوتنی کۆتایی کۆمەڵگای تازەدا لەسەر کۆی هەسارەی ئێمەیە کە تەکمیلە دەبێت.

ژێرپێخستنی ئەنتەرناسیۆنالیزمی سۆسیالیستیی لەلایەن بیرۆکراسیی ستالینیستییەوە، پێویستیی بە کەمپینێک هەبوو بۆ بەلاڕێدابردن و تەزویرکردنی مێژوو بە ئامانجی نەهێشتن و لابردنی نفوزی سیاسیی ترۆتسکیی و ئینکارکردنی پەیوەندیی نێوان ئاسۆی خەباتی چینایەتیی ئەو و ئەو ئاسۆیە کە خودی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕێنوێنیی کردبوو. ئەمە هاوشان بوو لەگەڵ کەمپینی توندوتیژانەتر و ڕاستەوخۆتر دژی ترۆتسکی و لایەنگرانی.

لە نۆڤەمبەری 1927دا، ترۆتسکی لە پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیا دەرکرا و دوای مانگێک ئەمە هاوشان بوو لەگەڵ دەرکردنی کۆی لایەنگران و بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی چەپ. لە کانوونی دووەمی 1928دا، ئەو دوورخرایەوە بۆ ئەڵما ئاتا، لە شاخەکانی کازاخستانی ئەمڕۆدا. دوای ساڵێک، لە شوباتی 1929دا، ترۆتسکی لە یەکێتیی سۆڤێت دەرکرا و بەشێوەیەکی کێتیی لە پیرنکیپۆ لە تورکیا جێگیر بوو. ترۆتسکی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو شتەدا کە دواتر پێیگوت "هەسارەی بێ ڤیزا"، ئەویش بەهۆی دوژمنایەتیی هاوبەشی ستالینیستییەکان، سۆسیال دیموکراتەکان و دەسەلاتە ئیمپریالیستییەکان، ناچار بوو تورکیا

بەرەو فەڕەنسا لە ساڵی 1933 بەجێبهێڵێت، پاشان بۆ نەرویج لە 1935 و لەکۆتاییدا بۆ مەکسیک لە 1937دا.

بەدرێژایی هەشت ساڵ لە دەرکردنی ترۆتسکی لە یەکێتیی سۆڤێت تا گەیشتنی بە مەکسیک، چینی کرێکار زنجیرەیەک شکستی گەورەی بەهۆی خیانەتەکانی بیرۆکراسییە ستالینیستییەکان و سۆسیال دیموکراتەکان ئەزموون کردبوو. سەرکەوتنی فاشیزم لە ئەڵمانیا لە ساڵی 1933دا، هاوشان بوو لەگەڵ خەفەکردن و کوژاندنەوەی هەڵسان و ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکانی فەڕەنسا و ئیسپانیا و چەوساندنەوەی چینی کرێکار لەپێناوی حاکمییەتی چینی سەرمایەدار لەژێر ئاڵای "بەرەی خەڵک"دا [تێزەکەی ستالین].

دوای گەیشتنە دەسەڵاتی هیتلەر، کارەساتێک بۆ چینی کرێکاری ئەڵمانیا و جیهان هاتە ئاراوە کە بەهۆی سیاسەتە کارەساتبارەکانی ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست (کۆمینترن)ـەوە بوو، ترۆتسکی دەستیکرد بە بانگەواز بۆ پێکهێنانی ئەنتەرناسیۆنالێکی تازە، واتا ئەنتەرناسیۆنالی چوار. ترۆتسکی هۆشداریی ئەوەی دا کە بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ڕووسیا تەنها بە شۆڕشێکی سیاسیی بۆ لەناوبردنی بیرۆکراسییەتی ستالینیستەکان دەستدەدات.

ستالین بەهۆی ترسی لە هەڕەشەی ترۆتسکی و ئەنتەرناسیۆنالی چوارەوە، دەستی برد بۆ توندوتیژیی و سەرکوتی دڕندانەتر و بێ ڕەحمانەتر لە یەکێتیی سۆڤیێت و سەرتاسەری جیهاندا. لە هەمان حاڵدا کە دادگاییکردنەکانی مۆسکۆ لە ساڵانی 1936–1938دا هەرجۆرە نەیارییەکی سیاسیی دژی ڕژێمی ستالینیستیی هاتبووە ئاراوە، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەم دادگاییکردنانە، پەیڕەوانی ترۆتسکیی کردبووە نیشانە. سەدان هەزار سۆسیالیست – کە خۆیان بەرهەمی نەریتە گەورەکانی کولتووری شۆڕشی ڕووسیا بوون – لەمیانەی جینۆسایدێکی سیاسییدا، قەتڵ و عام کران.

توندوتیژیی بەرفراوان لەپێناوی بەرگریکردن لە ڕژێم، بەڵگەنامەیەکی حاشاهەڵنەگر بوو لەسەر ئەوەی حاکمییەتی ستالین بەردەوامی شۆڕشی ڕووسیا نەبوو، بەڵکو گۆڕهەڵکەنەکەی بوو. ترۆتسکی لە ساڵی 1937دا دەنووسێت ستالینیزم و مارکسیزمی ڕاستەقینە، "نەک تەنها بە زنجیرەیەکی خوێناویی، بەڵکو بە ڕووبارێکی خوێن" لەیەکتر جیا دەکرێنەوە.

ترۆتسکی بۆ ئاشکراکردنی دادگاییکردنە نمایشییەکان و تاوانە سیاسییەکانی ستالینیزم، دەستی بە کەمپینێکی بەردەوام کرد. پۆلیسی شاراوەی ستالین (گی. پی. ئو) لە وەڵامی ئەم شتەدا، بەشێوەیەکی سیستەماتیک بۆ سڕینەوە و ڕەشکردنەوەی

فیزیکیی نزیکترین لایەنگرانی ترۆتسکی و هاوبیرەکانی دەستی بە چالاکی کرد. ئەو کەسانەی بەدەستی عەمیلەکانی ستالین ژیانیان لەدەستدا، ئەمانە بوون: ئەرڤین ڤۆلف، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی سیاسیی ترۆتسکی لە تەمووزی 1937؛ ئیگناس ڕەسییس کە ڕایکردبوو لە دەستی "گی. پی. ئو" و پشتیوانیی خۆی بۆ ترۆتسکی ڕاگەیاندبوو، لە سێپتێمبەری 1937دا تیرۆرکرا؛ لیۆن سیدۆڤ، کوڕەکەی ترۆتسکی و هاوکارە نزیکەکەی لە شوباتی 1938 لەسێدارە درا؛ و ڕۆدۆلف کلیمێنت، سکرتێری ئەنتەرناسیۆنالی چوار کە بەهۆی ڕفاندنێکەوە دیار نەما و لە شوباتی 1938 تیرۆرکرا.

ئەم تیرۆرانە بەو هۆیەوە ڕەخسان کە گارگوزارانی "گ. پ. ئو" خۆیان خستە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ترۆتسکیستییەوە؛ لەوانە مارک زوبۆرۆڤسکی، کە بەشێوەیەکی ساختەکارانە متمانەی سیدۆڤ[ی کوڕی ترۆتسکی] بەدەستهێنا و وەک ڕاوێژکاری ئەو چالاکیی دەکرد.

لەبەر ئەوەی ترۆتسکی زیندوو بوو، ڕژێمی ستالینیستیی ئارامیی لەبەر بڕابوو. ڤیکتۆر سێرژ لە ساڵی 1937دا دەنووسێت: "هیچ ڕوونکردنەوەیەکی دیکە بۆ قەدەغەکردن و ئەو وەستاندنانە بوونی نییە کە خەریکە بناغەی ڕژێم لەناو دەبات جگە لە ڕق و ترس... هەر بۆ ئیحتیات، تیمی جێگرەوەیان

کردووەتە ئامانج. تەنها پیرەمێرد ماوەتەوە... مادام پیرەمێرد زیندووە، بیرۆکراسیی داگیرکەر هەرگیز هەست بە ئاساییش ناکات".

ئەنتەرناسیۆنالی چوار کۆنگرەی دامەزراندنی خۆی لە سێتەمبەری 1938دا بەست، ئەویش وێڕای بوون هەلومەرجێکی تەواو قورس و سەخت، وەک تیرۆرکردنی کلیمێنت تەنها دوو مانگ پێش بەستنی کۆنگرە. بەڵگەنامەی دامەزراندن، بە قەڵەمی ترۆتسکی، هۆشداریی دەدا: "پێشمەرجە بابەتییەکانی شۆڕشی پرۆلیتاریی، نەک تەنها "گەییوە"، بەڵکو بەهۆی گەییوییەکەیەوە خەریکە دەگەنێت. بەبێ شۆڕشێکی سۆسیالیستیی، لە قۆناغی مێژوویی دواتردا کارەسات هەڕەشە لە کۆی کولتووری مرۆڤایەتیی دەکات. ئێستا نۆرەی پرۆلیتاریا، بەتایبەت پێشڕەوە شۆڕشگێڕییەکەیەتی. قەیرانی مێژوویی مرۆڤایەتی، کورت دەبێتەوە بۆ قەیرانی ڕابەرایەتیی شۆڕشگێڕیی".

جوڵەی جەنگی ئیمپریالیزم، جارێکی دیکە ئیمکان و ئەگەری هەڵگیرسانی شەپۆلێکی دیکەی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکانی فەراهەم کردبوو. دەقاودەق بەم هۆیەوە بوو ئیمپریالیزمی جیهانیی، لەڕێگای گارگوزارە ستالینیستییەکەی خۆیەوە، لەگەڕانیدا بەدوای بڕینی سەری ڕابەری ئەنتەرناسیۆنالی چوارەوە بوو. ترۆتسکی لە وتارێکیدا لە بەرواری ئۆکتۆبەری



هەواڵنامەی کێپ

1938، پەیوەندیی نێوان ئەو جەنگەی خەریکە ڕوودەدات و توندوتیژیی دژی بزووتنەوەی ترۆتسکیستیی دەستنیشان دەکات:

"لە دەستپێکی دوایین جەنگدا [مەبەست جەنگی یەکەمی جیهانە]، ژان ژورە تیرۆر کرا و لە کۆتایی جەنگدا کارڵ لیبکنیشت و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ... کاری سڕینەوەی ئەنتەرناسیۆنالیستەکان تائێستا تا بەر لە دەستپێکی جەنگ لە ئاستی جیهانیدا دەستپێکردووە. ئیمپریالیزم ئیتر پێویستی بەوە نییە پشت بە "ڕووداوێکی موبارەک" ببەستێت. بەڵکو لەناوەوەی مافیای ستالینیستیدا، کارگوزارێکی نێونەتەوەیی حازر و ئامادەی لەبەردەستە بۆ لەناوبردنی سیستەماتیکی شۆڕشگێڕان... ئیمپریالیزم لەڕێگای گانگستەرە ستالینیستییەکانی خۆیەوە، هەر لەپێشەوە ئەوە دەردەخات کە مەترسیی مەرگەساتباری قۆناغی جەنگ لە کام ئاراستەوە هەڕەشەی لێدەکات. ئیمپریالیستەکان لەوەدا هەڵە نین".

دەستپێکی جەنگی جیهانیی دووەم لە سێتەمبەری 1939دا لە هەلومەرجێکدا کە جیهان لە کارەساتدا لە ئەورووپا چڕببووەوە، لەلایەن ڕژێمی ستالینیستییەوە وەک دەرفەتێکی بینییەوە بۆ توندکردنەوەی کەمپینی خۆی بەئاراستەی تیرۆری ترۆتسکیدا. یەکەم هێرشکردنە سەر ژیانی ئەو لە 24ی ئایاری 1940 و

هەواڵنامەی کتێب

بەدەستی تیمێکی تیرۆر بە سەرپەرشتیی شێوەکارێکی ستالینیستیی، بەناوی دەیڤد ئەلفرێد سییە کیە رووس ئەنجام درا.

ترۆتسکی و هاوسەرەکەی ناتالیا، لەم هێرشە بە سەلامەتی دەرچوون، بەڵام ترۆتسکی دەیزانی ئەمە دوایین هەوڵی کوشتنی ئەو نابێت. ترۆتسکی دوو حەفتە دواتر بە وردبینیی و بابەتێتییەکی بەرچاوەوە دەنووسێت: "ژیانی من لەسەر ئەم زەوییە، نەک گونجاو لەگەڵ ڕێسا، بەڵکو وەک ئاوارتەیەک وایە لەسەر ڕێسا. لە قۆناغێکی کۆنەپارێزیی وەک قۆناغی هەنوکەیی ئێمەدا، شۆڕشگێڕێک ناچار دەبێت پێچەوانەی ڕەوتی ئاو مەلە بکات. من هەرچەند لەتوانامدا بێت ئەم کارە دەکەم. فشاری کۆنەپارێزیی جیهانیی، لەوانەیە لە بێڕەحمانەترین فۆرمیدا، خۆی لەنێو چارەنووسی شەخسیی من و چارەنووسی نزیانی مندا نیشان دابێت. ئەمە هەرگیز مافی من نییە: ئەمە دەرەنجامی تێکەڵکردنی هەلومەرجی مێژووییە".

پاشان لە 20ی ئابی 1940دا، ترۆتسکی بەدەستی ڕۆمەن مەرکادۆر، بەکرێگیراوی ڕژێمی ستالین کە خۆی بە لایەنگری بزووتنەوەی ترۆتسکیستیی لەقەڵەمدابوو، تیرۆرکرا.

لە ساڵی 1975، کۆمیتەی ئەنتەرناسیۆنالی چوارەم، لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی هەلومەرجی پشتی تیرۆری ترۆتسکی

دەستپێکرد کە پانتایی نفوزی "گ.پ.ئو"ی لەناوەوەی بزووتنەوەی ترۆتسکیستیی دەردەخست. ئەم لێکۆڵینەوانە نەک تەنها ڕۆڵی زیبۆرۆڤسکی، هەروەها ڕۆڵی سیلڤیا کالنی وەک ڕاوێژکاری جەیمز کانن (سکرتێری نەتەوەیی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست، بزووتنەوەی ترۆتسکیستیی ئەوکات لە ئەمریکا)، ڕۆبەرت شیلدەن هارت (کە لە شەوی یەکەم هەوڵی تیرۆرکردندا پاسەوان بوو) و ژۆزێف هەنسن (ڕاوێژکاری ترۆتسکی کە لە ڕۆژگاری تیرۆری ئەودا پاسەوان بوو و هەربەمجۆرە ڕابەری داهاتووی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست لە سەردەمی لێکهەڵوەشانەوە سیاسییەکەیدا) دەردەخات.

لێکۆڵینەوە ئەمنییەکان و هەروەها لێکۆڵینەوەکانی ئەنتەرناسیۆنالی چوار، لەلایەن پارتی کرێکارانی سۆسیالیست و سەرجەمی خائینە سیاسییەکان بەرانبەر بزووتنەوەی ترۆتسکیستیی، مەحکومکرا و دژایەتیشی کرا. ئەو داتایانەی دواتر لە ئەرشیڤی یەکێتیی سۆڤیێت بڵاوکرایەوە، پشتڕاستیی هەموو ئەو دەرەنجامگیریانەی کۆمیتەی ئەنتەرناسیۆنالی چواری دەربارەی ئەو کەسانە کردۆتەوە کە کۆمەکیان بە زەمینەسازیی و جێبەجێکردنی ئەم گەورەترین تاوانە سیاسییە کردووە.

ترۆتسکی لە ڕۆژگاری مەرگی خۆیدا، گەورەترین وێنەری نەریتی مارکسیزمی کلاسیک بوو کە خۆراکی بە خرۆشانە

شۆڕشگێڕییەکانی یەکەم دەیەکانی سەدەی بیست دابوو. تیرۆرکردنی ئەو لیدانێکی قورس بوو لە بزووتنەوەی سۆسیالیستیی ئەنتەرناسیۆنال، ئەگەرچی ئەو میراتە سیاسی و تیۆرییەی بەجێیهێشت، بناغەیەکی پتەوی بۆ گەشەکردنی ئەنتەرناسیۆنالی چوارەم دانا. وێڕای ئەمە ترۆتسکی لە دوایین ساڵەکانی ژیانی خۆیدا، دەست و پەنجەی لەگەڵ گەلێک پرسیاردا نەرم دەکرد کە وەک بابەتگەلی سیاسیی تەوەری بەردەمی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی دوای جەنگی دووەمی دەردەخست.

ترۆتسکی بۆ بونیادنانی ئەنتەرناسیۆنالی چوار، ناچاربوو نەک تەنها خەبات دژی ستالینیستەکان و ئیمپریالیستەکان بکات، بەڵکو دەبوو خەبات دژی توێژێکی تەواوی ڕۆشنبیرانی وردەبۆرژوازیی بکات کە لە شکستەکانی دەیەی 1930دا گەیشتبوون بە ئەنجامی بێتوانایی چینی کرێکار لە شۆڕشێکی سۆسیالیستیدا. ئەوان بۆ پاساوهێنانەوەی دوورکەوتنەوەی خۆیان لەخەباتدا بۆ سۆسیالیزم، بەرپرسیارێتیی خیانەتی ڕابەرایەتییان خستبووە گەردنی چینی کرێکارەوە. ترۆتسکی دەنووسێت: "ئەگەر ئەمە بەڕاست بزانین کە هۆکاری شکستەکان، ڕیشەی لە چۆنایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی خودی پرۆلیتاریادا هەیە، ئەوا بەو شێوەیە دەبێت هەلومەرجی



هەواڵنامەی کێبر

کۆمەڵگای مۆدێرن وەک [کۆمەڵگایەکی] نائومێدکەر لەقەڵەم بدرێت".

ئەم ئینکارە نائومێدییانەی سۆسیالیزم و ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی شۆڕشگێڕیی چینی کرێکار، جارەهای جار لە دەیەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهاندا دەرکەوت. هەموو ئەمانە لە ناو ئەنتەرناسیۆنالی چواردا بەشێوەی "پابلۆییزم" دەرکەوت کە شتێک نەبوو جگە لە خۆگونجاندن لەگەڵ بیرۆکراسییە ستالیستییەکان و سۆسیال دیموکرات و بزووتنەوە بۆرژوا ناسیۆنالیستییەکان.

لەسەروبەندی تۆخبوونەوەی ناکۆکییە چینایەتییەکاندا، ئەم هێزانە، لەگەڕانیاندا بۆ ئاوێزانبوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتیدا، وەک ئەوەی لە یۆنان ئەنجامیان داوە، زۆر بەخێرایی چوونەتە باوەشی ڕاستگەراییەوە. هەموو کەسێک دەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە ئەگەر ترۆتسکی زیندوو بووایە چۆن سوودی لە توانای ئەدەبی و زیرەکی و هۆشی بێ ئەندازەی خۆی وەردەگرت بۆ هەڵکەندنی پێستی توێژە مامناوەندە خۆپەرست و نارسیستەکانی ئەمڕۆ؛ [ئەگەر ئەمڕۆ ترۆتسکی لەژیاندا بووایە] چۆن سیاسەتە گەندەڵەکانی سیریزا و پۆدۆمۆسی ئاشکرا دەکرد؛ چۆن شارلاتانە ڕۆشنبیرییەکان و دیاردە نمایشییە

چەپییەکانی وەک سلاڤۆی ژیژەکی ڕووبەڕووی ڕەخنەی کوشندە دەکردەوە.
ئەوەی ترۆتسکی بەڕاشکاویەکی بێ وێنەوە دەرکی کرد و دەریبڕی، ڕۆڵی یەکالاکەرەوەی ڕابەرایەتیی بوو. ئەو وانە سەرەکییەی کە ئەو لە دەستکەوتی ئەرێنیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شکستەکانی دواتری ئەو شۆڕشەوە وەریگرت، ئەوە بوو کە سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستیی و لە ئەنجامدا مانەوەی مرۆڤایەتیی، پێویستیی بە خەباتێکی بێ ئامان هەیە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ڕابەرایەتیی شۆڕشگێڕیی. ئەم حەقیقەتە بنچینەییە جارەهای جار دوای مەرگی ترۆتسکی سەلمێنراوەتەوەز
سەنتراڵیتە و مەرکەزییەتی قەیرانی ڕابەرایەتیی شۆڕشگێڕیی، بەو مانایە بوو کە خەباتی سیاسیی، ڕووترین وەزیفەیە. ترۆتسکی بۆ ئەو کەسانەی دوورکەوتنەوە لە بەرپرسیارێتییە سیاسییەکانی خۆیان لەژێر چەتر و بەبیانووی ئازادیی شەخسییەوە، شتێکی بۆ دەربڕین نەبوو، جگە لە جۆرێک سوکایەتی و تەحقیر. ئەو لە گوتاربێژیی خۆیدا بەبۆنەی دامەزراندنی ئەنتەرناسیۆنالی چوارەوە دەڵێت:
"بێڵن کاسبکاران، لەبۆشاییدا بەدوای فەردانییەتی خۆیاندا بگەڕێن. بۆ شۆڕشگێڕێک، خۆ بەتەواوی تەرخانکردن بۆ حزب،

بەمانای دۆزینەوەی خۆ دێت. بەڵێ حزبی ئێمە یەک لەدوای یەک ئێمە بۆ خۆی تەرخان دەکات. بەڵام لە بەرانبەردا باڵاترین خۆشی بە ئێمە دەبەخشێت: ئەو ئاگاییەی کە کەسێک لە بونیادنانی داهاتوویەکی باشتردا بەشدار دەبێت، ئەو کەسەی تۆسقاڵێکی چارەنووسی مرۆڤایەتی دەخاتە سەرشانی خۆی و ئەو کەسەی ژیان بە پووچێتیی و نائومێدی ناسپێرێت".

گرنگیی نەمری ترۆتسکی، لە هێرشی بێ ئامان بۆسەر دەنگدانەوەی مێژوویی ئەو ڕەنگ دەداتەوە. وێڕای ئەمە، ئەو کەسانەی ئەمڕۆ سەرقاڵی ڕەشکردنی ترۆتسکین، هیچ سەرکەوتنێک بەدەست ناهێنن. مێژوو خۆی شیکاریی ترۆتسکیی بۆ گیاندانی سەرمایەداریی سەلماندووە. دەسەڵاتی بیروباوەڕ و نەریتیی مێژوویی کە ئەو نوێنەرایەتیی کردووە، لە تاقیکردنەوەی ڕۆژگاردا بە سەربەرزی هاتووەتە دەرەوە. ئەو بزووتنەوەیەی ترۆتسکی بونیادی نا، دەریخستووە تەنها ئاراستەی شۆڕشگێڕیی ڕاستەقینە و نەمرە.

لەهەمووی گرنگتر، ئەو وەزیفە بنچینەییەی ترۆتسکی خەباتی بۆ کردووە هێشتا بابەتی هەرە سەرەکیی بەردەمی چینی کرێکاری ئەمڕۆیە: بونیادنانی پارتێکی شۆڕشگێڕ.

ئەم پرەنسیپانە بەنێو دەمارەکانی کۆمیتەی ئەنتەرناسیۆنالی چوار، بزووتنەوەی ترۆتسکیی ئەنتەرناسیۆنالدا دێت و دەچێت.

نابێت ساڵیادی تیرۆری ترۆتسکی تەنها بۆنەیەک بێت بۆ ستایشکردنی یاد و بیرەوەرییەکانی ئەو – ئەگەرچی ئەمەش گرنگە – بەڵکو ڕێزگرتن لەم بیرەوەرییە لەڕێگای خێراکردنی خەبات بۆ بونیادنانی کۆمیتەی ئەنتەرناسیۆنالی چوارەم وەک حزبێکی جیهانیی شۆڕشی سۆسیالیستییە.

# دادگاییکردنە نمایشییەکانی مۆسکۆ

**ڕۆب سیویل**

بەشی یەکەم: دادگاییکردنە پیلانگێڕییەکانی مۆسکۆ: "تەقە لە سەگە هارەکان بکەن".

ئایدیاکانی ترۆتسکی، کە ڕەنگدانەوە و درێژەدانە بە ئایدیای مارکسیستیی دوای مردنی لینین، بێگومان لە مێژوودا زیاتر لەهەر کۆمەڵە بیرۆکە و ئایدیایەکی دیکە، هێرشیان کراوەتە سەر.

ترۆتسکی لەگەڵ مارکس و لینیندا، کەوتۆتە بەردەم هێرشی بەردەوامی تەفسیرکارانی سەرمایەداریی و ئەکادیمیانی وەک "دیموکراتە" ڕووسەکانی مۆدێلی ڤۆلکۆگۆنۆڤ و ئەمەش بەهۆی ئەو شتەوە بووە کە ئەوان وەک بیرۆکەگەلی تۆتالیتاریی و خراپکارانە سەیری دەکەن. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە پەیامی شۆڕشگێڕیی مارکسیزم، هەڕەشەیەکە بۆ سیستەمەکەی ئەوان – و دەبێت سوود لەهەموو دەرفەتێک وەربگرن بۆ بێ بەهاکردنی ئەم ئایدیا و بیرۆکانە.

ئەو شتەی هاوئاهەنگ لەگەڵ بۆرژوازیدا زیادەی خستۆتە سەر ئەم کەمپینەی بوختانپێکردنە، هێرشە توندوتیژەکانی ستالینیستەکانە بۆ سەر ترۆتسکی. لینین پێش مەرگی خۆی، بەرەیەکی لەگەڵ ترۆتسکی پێکهێنا بۆ ئەوەی ستالین لەدەسەڵات دابماڵن. بەداخەوە، چەندین جەڵتە، لینینی تا ڕۆژی مردنی لە ساڵی 1924 لە ژیانی سیاسیی دوورخستەوە. لەوە بەدوا، ترۆتسکی، بوو بە ڕابەری خەبات دژی ستالین و بیرۆکراسیی تازەدەرکەوتوو لەناوەوەی یەکێتیی سۆڤیێت. لەگەڵ شکستی شۆڕش لە دەرەوە، ستالین سوودی لە لایەنگرانی خۆی لەناوەوەی دامودەزگادا وەرگرت بۆ ئەوەی ترۆتسکی گۆشەگیر و لە سۆڤیێت دەربکات.

ستالین دوای شکستی ئۆپۆزیسیۆنی چەپی ترۆتسکی، پەنای بۆ تەواوی نەیارانی ترۆتسکی، وەک لایەنگرانی خۆی لە بەرەی ڕاست برد. سەرکەوتنی دامودەزگا، ڕووداوی بەدناوی "دادگاییکردنەکانی مۆسکۆ"ی لە 1936–1938 لێکەوتەوە کە تیایدا "بەلشەڤیکە کۆنەکان"ی وەک ترۆتسکی، لە رابەرانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، تۆمەتبارکران بە چالاکیی دژەشۆڕشگێڕیی، وێرانکاریی و کوشتن و هاوکارییکردنی فاشیزم.

زۆرینەی تۆمەتباران لەڕێگای پۆلیسی نهێنیی ناسراو بە "کۆمیسیاریی خەڵک بۆ کاروباری ناوخۆیی (NKVD)

تێکشکێنران و ناچار بە ئیعترافاتی درۆ بەرانبەر بەخۆیان و کەسانی دیکە کران و پاشان هەموویان گولەباران کران. تا ساڵی 1940 لە ئەندامانی کۆمیتە مەرکەزیی لینین لە ساڵی 1917، تەنها ستالین مابووەوە. خودی ترۆتسکیش لەلایەن بەکرێگیراوێکی ستالینیستەوە لە ساڵی 1940 تیرۆرکرا.

ستالین بەدرێژایی دادگاییکردنە پیلانگێڕییەکان هەوڵیدا بیروباوەڕی گشتیی جیهان دژی تۆمەتبارکراوان ڕێکبخات. پارتە کۆمۆنیستییەکان و بڵاوکراوەکانیان، دەستیانکرد بە پێکهێنانی کەمپینێکی نێودەوڵەتیی بۆ بێ بەهاکردن و تۆمەتبارکردنی ترۆتسکی و ڕابەرانی دیکەی شۆڕش. بەڕەسمیی ترۆتسکی تۆمەتبارکرا بە پەیوەندیی لەگەڵ دەزگای زانیاریی ئەڵمانیا لە ساڵی 1921 و دەزگای زانیاریی بریتانیا لە ساڵی 1926!

لە بڕیارنامەی سزایی دادگاییکردنی بەلشەڤیکە کۆنەکاندا، پیاتاکۆڤ، ڕادەک، سۆکۆلینیکۆڤ، سیریبریاکۆڤ، مۆرالۆڤ و ئەوانیدیکەدا، ئەمە دەخوێنینەوە:

"لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە ل. د. ترۆتسکی چووەتە ناو دانوستانێکەوە لەگەڵ ڕابەرانی پارتی ناسیۆنال سۆسیالیست [نازیزم]ی ئەڵمانیا بۆ بەگەڕخستنی خەباتێکی هاوبەش دژی یەکێتیی سۆڤێت... بنەماکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە، تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بە ترۆتسکییەوە، لە کۆتاییدا لە دیداری ترۆتسکی

لەگەڵ هێس، یاریدەدەری هیتلەر، تەکمیلە و تەواو بوو...".
(بڵاوکراوەی "ئەنتەرناشناڵ پرسێ کۆریسپێندنس"، لاپەڕە 128، ژمارە 6، شوباتی 1937).
لەگەڵ دەستپێکی ئاشکراسازییەکان لە دادگا پیلانگێڕییەکانی مۆسکۆدا، کەمتر کەسێک بەئاشکرا ڕەسەنایەتیی دادگاییکردنەکانی بردە ژێر پرسیارەوە. تۆمەتبارکردنەکان زۆر سەیروسەمەرە، بەڵام ڕوون و پتەو دەردەکەوتن. لە خۆرئاوا، گروپێکی ترۆتسکیستەکان ئازایانە جەنگان بۆ ئەوەی نەیارێتیی و ناڕەزایەتیی دژی دامودەزگای ستالینیستیی بەگەڕ بخەن. لە 1937 کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەی بێلایەن دامەزرا کە کەسانی لیبراڵ دیموکراتی بە سەرۆکایەتیی پرۆفیسۆر جۆن دیوی [فەیلەسوفی پراگماتیستی ئەمریکیی-وەرگێڕ]ی تێدا بوو و ئامانجی ئەم کۆمیسیۆنەش لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکان دژی ترۆتسکی و گوڕەکەی، لیۆن سیدۆڤ، بوو – دوو تۆمەتبارکراوی سەرەکیی دادگاییە پیلانگێڕییەکانی مۆسکۆ. کۆمیسۆن دوای لێکۆڵینەوە تەواوەکان، تۆمەتبارانی بێ بەریکرد و ڕایگەیاند دادگاییەکان، نمایشیی و پیلانگێڕیی بووە.
تەنها لە ساڵی 1956 و لە کۆنگرەی بیستەمی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتدا بوو خرۆشۆڤ سەرەنجام ئەوەی ئاشکرا کرد کە دادگاییکردنەکان لەڕاستیدا نمایشیی و پیلانگێڕی بوون.

ئەم کارانەیان بۆ ئەوە کرد تا تاوانەکانی ستالینیزم بخەنە گەردنی خودی ستالینەوە. وەک بڵێیت هەموو شتێک خەتای ستالین بووە! هیچ ئاماژەیان بەو ڕاستیانە نەکرد کە خرۆشۆڤ و ئەوانیدیکەش لە کاتی ژیانی ستالیندا ڕاستەوخۆ بەشداربوون لە تۆمەتبەخشینەوەکان. هیچ ئیعتبارێکیان بۆ ترۆتسکی و کوڕەکەی نەگەڕاندەوە. ئەگەرچی ئەو شتەی "لەستالین داماڵین"یان پێدەگوت، کەچی لێکۆڵینەوە دەربارەی قۆناغی تیرۆری گەورە، ڕێک تا کۆتاییەکانی دەیەی 1980 تابو و حەرام بوو.

لەگەڵ کەوتنی ستالینیزم و ئاوەڵابوونی دەرگای ئەرشیڤی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤێت، گەلێک دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەی نوێ سەبارەت بە دادگا نمایشیی و پیلانگێڕییەکانی مۆسکۆ دەرکەوتوون و ئاشکرابوون. یەکێک لە دوایین ئەو کتێبانەی لەڕوانگەی مارکسیستییەوە شیکاریی بۆ بەڵگەنامە تازەکانی ئەرشیڤەکە دەکات، "1937: ناوی ستاڵی تیرۆر و تۆقاندنی ستالین"ـە و لەلایەن مێژوونووسی ڕووسییەوە، "ڤادیم. ز. رۆگۆڤین"ـەوە نووسراوە. ئەم کتێبە گرنگە، وێنەیەکی زیندووی ئامادەکاریی تیرۆر و تۆقاندنی دادگاییکردنەکان دەخاتەڕوو.

ستالین تەنها بەهۆی شێتیی و نەخۆشیی خۆیەوە دەستینەکرد بە پاکتاوکردن و تیرۆر و تۆقاندنی گەورە. بەپێچەوانەوە، ئەمە

جوڵەیەکی ئاگامەندانە و ئامادەکارییەکی پێشبینیکراو بوو بۆ پاراستنی حکومەتی بیرۆکراسیی. ستالین تەنها لە هاوینی 1934دا گەیشت بە بڕیاری لەناوبردنی "بەلشەڤیکە کۆنەکان" و پاشان دەستی بە ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی کرد – ئەم کارە بە کوشتنی کیرۆڤ لە دیسەمبەری ئەو ساڵەدا دەستپێکرد.

ترۆتسکی، کردەوەکانی ستالین شیدەکاتەوە:

"کاتی ئەوە گەیشتووە، ئەی خوێنەر/بیسەرانی ئازیزی من، دواجار کاتی ئەوە گەیشتووە سەیر بکەین ئەرستۆکراتییەتێکی نوێ لە یەکێتیی سۆڤێتدا سەریهەڵداوە. شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لەژێر ئاڵای یەکسانییدا دەچووە پێشەوە. بیرۆکراسیی، ڕەنگدانەوەی نایەکسانییەکی دێوئاسایە. شۆڕش، ئەرستۆکراتییەتی لەناوبرد. شۆڕش، نازناو و پلەوپۆستە باڵاکانی لەناوبرد؛ ئەرستۆکراسیی نوێ، مارشاڵ و جەنەڕاڵ بەرهەم دەهێنێت. ئەرستۆکراسیی نوێ، بەشێکی گەورەی دەرامەتی نیشتمانیی بۆخۆی دەبات. هەڵوێستیی لە بەرانبەر خەڵکدا فریودەرانە و درۆزنانەیە. ڕابەرانی ناچارن بە شاردنەوەی ڕاستییەکان، فریودانی جەماوەر، سەرکردن بەژێر بەفر و بەسپی سەیرکردنی ڕەش". کۆی سیاسەتی ئەرستۆکراسیی نوێ، نمایشیی و پیلانگێڕییە".

بارودۆخەکان تا ساڵی 1934 ئیتر لەنێو بیرۆکراسیی ستالینیستیدا هۆشداریی دەدا. دوای کارەساتی کۆلێکتیڤیزاسیۆن (بەکۆمەڵکردن)ی ئیجباریی و کارەساتی یەکەم بەرنامەی پێنج ساڵە، نارەزایەتییەکی قوڵ بوو لە سەرتاسەری وڵاتدا. رۆحییەتی ئۆپۆزیسیۆن بەرفراوان بوو. ستالین دەترسا بەلشەڤیکە کۆنەکان (ئەگەرچی ناچار بە تەسلیمبوونی بەردەوام ببوون لەبەرانبەر ستالیندا) بوونە خاڵێکی شایستەی پشت پێبەستن بۆ ئۆپۆزیسیۆن. لەڕاستیدا هەندێکیان پەیوەندییان بە ترۆتسکییەوە لە دوورخراوەییدا کردبوو.

ستالین بە تیرۆرکردنی کیرۆڤ دەستی بە بەرنامەکانی کرد. یەکەم گروپی 13 "زینۆڤیڤیست" بە قاتل و بکوژی ئەو دانران و لە دیسەمبەری 1934 گولەباران کران. پاشان نەیارانی پێشوو، زینۆڤیڤ و کامینڤ (کە پێشتر لە ترۆتسکی جیاببوونەوە و خۆیان تەسلیم کردبوو) لە کانوونی دووەمی 1935 مەحکومکران کە "بەفیعلیی" هەستی تیرۆریستییان لەنێوان لایەنگرانی خۆیاندا دروستکردووە. بەڵام ئەمە ئیتر سەرەتای کارەکە بوو.

ستالین لێرەدا بەو دەرەنجامە گەیشت کە دوورخستنەوەی ترۆتسکی لە 1928 هەڵە بووە و ڕێگای بەو داوە لە دەرەوە بەشێوەیەکی ئازادانە ڕەخنە لە سیستەمی ستالینیستیی بگرێت.

ترۆتسکی گرنگترین خاڵی پشت پێبەستن بوو دژی ستالین. ئەو ڕابەرێکی شۆڕشگێڕ بوو کە بەم ئاسانییە وردوخاش نەدەکرا. لێرەوە بوو ستالین، ئامادەکاریی بۆ تیرۆرکردنی ئەو کرد. بەمجۆرە بوو ستالین دەستیکرد بە تۆمەتبەخشینەوە بە ترۆتسکی و لایەنگرانیی کە تیرۆریستن و بەکردەوەی تیرۆریستیی هەڵساون.

ئەم کارە لەلایەن "NKVD"ـەوە بە سەرۆکایەتیی یاگۆدا و ییژۆڤ، دوو جەللادی گەورەی ستالینیست، ئەنجامدرا. دەبوو ئەوان بوونی ڕێکخراوی تیرۆریستیی نهێنیی زینۆڤیف بسەلمێنن کە هاوکاریی تۆڕی نهێنیی ترۆتسکیستەکان دەکات. لە سەرەتاکانی ساڵی 1935 فەرمان بە " NKVD" درا کە داوای "پاکتاوکردنی سەرجەمی ڕێکخراوی نهێنیی ترۆتسکی-زینۆڤیف"ی دەکرد. نەیارانی گریمانەیی و ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو دەستگیرکران. پاشان سەرەی لێکۆڵینەوەکان و یەکەم "ئیعترافات"ـەکان بوو- ئیعتراف بەوەی هەموو بڕیارە تیرۆریستییەکان لەلایەن ترۆتسکییەوە دراون.

زینۆڤیف و کامینڤ دوای ساڵ و نیوێک لە زیندانیکردن، بۆ لێپرسینەوە هێنرانە مۆسکۆ. تا ئەو کاتە جارەهای حار ئەوانیان شکاندبوو (ڕۆحییەتیان وردوخاش کردبوون). میتۆدی ستالین

ئەوە بوو کە توانیبووی لەنێوان ئەم دوو کەسەدا دژایەتیی دوولایەنە دروست بکات.
زینۆڤیف، ژووری زیندانیی خۆیەوە نامەگەلێکی سکاندالئامێزی بۆ ستالین دەنووسی: "ڕۆحی من بە حەزێکەوە دەسووتێت: و دەمەوێت بۆت بسەلمێنم من چیتر دوژمن نیم. هیچ شتێک نییە بۆ سەلماندنی ئەمە خۆمی لێ بەدوور بگرم..." (ڕۆگۆڤین، 5).
کامینڤ ئازایەتییەکی زۆری پیشان دا. ئەو بە لێکۆڵەرەکەی گوت: "ئێوە ئێستا تەرمیدۆر بە شێوە پەتییەکەی دەبینن. شۆڕشی فەرەنسا وانەیەکی باشی پێداین؛ بەڵام ئێمە نەمانتوانی سوودی لێوەربگرین. نازانین چۆن شۆڕشەکەمان لەبەرانبەر تەرمیدۆردا بپارێزین. ئەمە گەورەترین هەڵەی ئێمەیە و مێژوو لەبەر ئەمە مەحکوم و سەرزەنشتمان دەکات".
فەرمانیان بە ییژۆڤ دا ئەوانە بۆ دادگاییکردنی گشتیی ئامادە بکات و گوتیان دەبێت ئەوان تۆمەت بدەنە پاڵ خۆیان و ترۆتسکییەوە – دیارە لەپێناوی شۆڕشدا! هەڕەشە لە خێزانەکانیان دەکرا کە هەندێکیشیان دیلی " NKVD". ئەوانیان زیندانی کرد و کەوتنە بەردەم گەلێک پرۆسەی سوکایەتیپێکردنەوە. زینۆڤیف یەکەم کەس بوو شکستی هێنا و پاشان کامینڤی ڕازی کرد ئەویش پەیڕەویی لەمە بکات بۆ ئەوەی گیانی خۆیان و خێزانەکان و لایەنگرانیان ڕزگاربکەن.

دوای ئەوە، ئەوانیان بردە لای ستالین و ڤۆرۆشیلۆڤ. زینۆڤیڤ تکای لێکردن: "ئێوە دەتانەوێت ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی لینین و هاوڕێیانی شەخسیی لینین وەک چەتەی بێ پرەنسیپ لەقەڵەم بدەن و حزب بکەنە لانەی مار و پڕ لە پیلانگێڕ و خیانەت و قاتڵ". ستالین وەڵامی دایەوە ئامانجی دادگاییکردن، ئەوان نییە بەڵکو ترۆتسکیی "دوژمنی سوێندخواردووی حزب"ـە.

تکا و پاڕانەوەی ئەوان بۆ ڕزگارکردنی گیانیان ڕووبەڕووی قسەکەی ستالین بووەوە کە گوتی "پێویست بە گوتن ناکات" (بە زیندوویی دەتانهێڵینەوە). ستالین خیانەتی لەوان کرد، هەروەکچۆن دواتر خیانەتی لەوانیدیکەش کرد. لەڕاستیدا ئەمە خیانەتێک بوو لە شۆڕش بۆ بەرژەوەندییەکانی بیرۆکراسیی باڵادەست کە ستالین لەسەرووییەوە وەستابوو.

سمیرنۆڤ و مراشکۆڤسکی بەهیچ جۆرێک ئامادەی دانپیانان نەبوون لای لێکۆڵەران. وەک ڤیشینسکی، دادوەری باڵا دەڵێت، کۆی لێپرسینەوەی سمیرنۆڤ لە ڕۆژی 20ی ئایار تەنها ئەم وشانە بوو: "من ڕەتی دەکەمەوە. دیسان ڕەتی دەکەمەوە. ئەمجارەش ڕەتی دەکەمەوە". مراشکۆڤسکیان بە شەخسی بردە لای ستالین، بەڵام ئەو لەبەرانبەر ستالیندا وەستا. پاشان ئەویان بە سلوتسکی، سەرۆکی فەرمانگەی دەرەوەی " NKVD" سپارد. وەک دەڵێت بەبێ وەستان چوار ڕۆژی ڕەبەق لێکۆڵینەوەیان لە

مراشکۆڤسکی کرد. مراشکۆڤسکی بە سلوتسکی دەڵێت: "دەتوانی برۆی بە ستالین بڵێی ڕقم لێیەتی. ئەو خائینە. منیان بردە پێش مۆلۆتۆڤ و ئەویش دەیویست بمکڕێت. من تفێکم کردە ناوچاوی". بەدرێژایی لێپرسینەوەی هەردوو سەعات جارێک، جارێک تەلەفون جەڕەسی لیدەدا؛ سکرتێرەکەی ستالین دەیویست بزانێت سلوتسکی، "شکست"ی بە مراشکۆڤسکی هێناوە یان نا. دوای لێپرسینەوەیەکی دوورودرێژ سەرەنجام ئەو لەنێو فرمێسکەکانیدا تێکشکا و "بەو دەرەنجامە گەیشت هەموو شتێک لەدەستچووە". ئەو تا ماوەیەکی زۆر ئامادە نەبوو تۆمەتی چالاکیی تیرۆریستیی بداتە پاڵ ترۆتسکی.

ئامانجی یەکەم دادگایی نمایشیی – دادگایی شانزە کەسی – لەناوبردنی بوونی ئەفسانەیی "سەنتەری ترۆتسکی-زینۆڤیڤ" بوو. ڤیشینسکی تەنانەت یەک کاغەزی بەڵگەی دژی تۆمەتباران نەخستە ڕوو (نە تەنانەت یەک بەڵگە و یەک پارچە کاغەزیش). تەنها ئیعترافاتی تۆمەتباران بوو. نیشانەی لاوازیی دۆسیەی دادگا، جیاوازییەکان و نادروستییەکانی ئەو شایەتییانە بوو کە لە دادگاییکردندا درابوون. بۆ نموونە، گۆلتسمام شایەتیی ئەوەی دا ترۆتسکی و سیدۆڤی لە کۆپنهاگن لە هوتێلی بریستۆل بینیوە. دادوەران نەیاندەزانی هوتێلی بریستۆل لەساڵی 1917

وێرانبووە! لێکۆڵەرانی ستالینیست مەشقی شەوانەی خۆیان ئەنجام نەدابوو.

لەکۆتایی دادگاییەکەدا، ڤیشینسکی لەلایەن دادوەرانەوە ڕایگەیاند: "داواکاریی من ئەوە سەگە هارەکان گولەباران بکەن"– دانە بەدانەیان"! وێڕای تکا و پاڕانەوەی بەخشین لەلایەن شانزە کەسەوە (کە ئەو باوەڕەیان لادروست کردبوون قبوڵ دەکرێن) لە میانەی چەند سەعاتدا گولەباران کران.

ئەوان کە لەبەرانبەر دیکتاتۆرییەتی ستالینیستیدا تکایان کردبوو (و هەموو تۆمەتێکیان دایە پاڵ هاوڕێ کۆنەکانیان) هەرگیز نەیاندەتوانیی ستالین ڕازی بکەن. کە ڕۆڵیان تەواو بوو، هەموویان مەحو کرانەوە. پێکهاتەی دیکە ئامادە دەکرا. دادگاییکردنەکانی نەیاران و ئۆپۆزیسیۆن بەردەوام بوو. بە قەولی لیۆن سیدۆڤ: "ستالین، سەری ترۆتسکی دەوێت – ئەمە ئامانجی ڕەئیسیی ئەوە. بۆ گەیشتن بەوەش توندڕەوانەترین دۆسییە، تەنانەت ژەهراویتریش لە پێشوو، ئامادە دەکات".

لەگەڵ کەوتنی ئەڵمانیای هیتلەریی لە ساڵی 1945 و دادگاییکردنەکانی نۆرنبێرگ کە بۆ ڕژێمی نازیی و هاوکارانیی بوو، تەنانەت یەک وشە و یەک بەڵگەش چییە بۆ سەلماندنی کەمترین پەیوەندیی ترۆتسکی و گشتاپۆ پەیدا نەکرا. ئەمە ترۆتسکی نەبوو هاوپەیمانێتیی لەگەڵ هیتلەر بەست. ئەمە

ستالین بوو لە ئابی 1939 پەیماننامەیەکی لەگەڵ هیتلەر ئیمزا کرد.

واباشە ئەم وتارە بە قسەیەکی لیۆپۆڵد ترەپر، ڕابەری تۆڕی ناسراوی دژەنازیی لە ئەوروپای غەربیی تەواو بکەین:

"بەڵام لەو ڕۆژگارەدا کێ نارەزایەتیی دەردەبڕی؟ کێ دەیتوانیی تورەیی خۆی پیشان بدات؟ لایەنگرانی ترۆتسکی دەتوانن ئەم شانازییەیان پێببڕێت. ئەوان لە پەیڕەویکردن لە نموونەی ڕابەرەکەیان، کە پاداشتی ڕاشکاویی و ڕاستگۆییەکەی مەرگ بوو بە تەورێک، تا ساتی مەرگ دژی ستالینیزم جەنگان و ئەوان تەنها کەسانێک بوون ئەم کارەیان کرد".

"ئەمڕۆ لایەنگرانی ترۆتسکی مافی ئەوەیان هەیە ئەو کەسانە مەحکوم بکەن کە ڕۆژێک لەڕۆژان لەگەڵ گورگەکاندا لورەلووریان کردووە. بەڵام بێڵە لەبیری نەکەن کە ئەوان ئیمتیازێکی گەورەیان لەسەر ئێمە هەبوو و ئەویش هەبوونی سیستەمێکی سیاسیی ڕێکوپێک بوو بۆ جێگرتنەوەی ستالینیزم. ئەوان لەنێوان قوڵترین ئازاری بینی خیانەت لە شۆڕش شتێکیان هەبوو کە دەستی بۆ بەرن. ئەوان ئیعترافیا نەکرد، چونکە دەیانزانی ئیعترافەکەیان نە خزمەت بە حزب و نە بە سۆسیالیزم دەکات".

## بەشی دووەم: دادگاییە نمایشییەکانی مۆسکۆ – گەورەترین پیلانگێڕیی لە مێژوودا

"چما مۆسکۆ هێندە لە دەنگ و سەدای پیاوێک دەترسێت؟ تەنها بەو هۆیەوە من حەقیقەت و هەموو حەقیقەتەکە دەزانم. تەنها بەو هۆیەوە کە من هیچ شتێکم نییە بیشارمەوە. تەنها بەو هۆیەوە من ئامادەم لەبەردەم کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی گشتیی و بێلایەن بە بەڵگەنامە، ڕاستیی و فاکت و دۆکۆمێنتەکانی بەردەستمەوە دەربکەوم و تا دواپین دڵۆپ حەقیقەت ئاشکرا بکەم. من ڕایدەگەیەنم: ئەگەر ئەم کۆمیسیۆنە بەم دەرەنجامە بگات ئەگەر من بە بچووکترین شێوە گوناهباری تاوانگەلێک بم کە ستالین دەیداتە پاڵم، لەپێشەوە بەڵێن دەدەم خۆبەخشانە خۆم تەسلیمی جەللادانی "گ.پی.ئو" ("فەرمانگەی سیاسیی دەوڵەت"، پۆلیسی نهێنیی ڕووسیا) بکەم. هیوادارم ئەمە ڕوون بێت. هەمووتان بیستتا؟ لەبەرانبەر هەموو دونیادا ڕایدەگەیەنم. داوا لە بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکان دەکەم قسەکانی من لە دوورترین گۆشەی دونیا بڵاو بکەنەوە. بەڵام ئەگەر ئەم کۆمیسیۆنە بەو دەرەنجامە بگات (دەبیستن؟) کە دادگاییە نمایشییەکانی مۆسکۆ پیلانگێڕیی ئاگامەندانە و لەپێشەوە ئامرادەکراون و بە ئێسک و دەماری ئینسانەکان دروستکراون، من داوا لە تۆمەتبارانی خۆم ناکەم خۆبەخشانە و بەپێی خۆیان، خۆیان بە پەتی سێدارە

بسپێرن. نەخێر! ڕسوایی ئەبەدیی لە یادەوەریی نەوەکانی مرۆڤدا ئەوانە بەسە! ئایا تۆمەتبەخشەرەوانی کرملین دەنگی من دەبیستن؟ من ئینکار و بەرهەڵستیی خۆم دەخەمە بەردەمیان. و چاوەڕوانی وەڵامی ئەوان دەکەم"!.

لە پوختەی وتاربێژیی ترۆتسکی لە کۆمیسیۆنی دیوی، نیسانی 1937.

لە ئابی 1936 بۆ بەلشەڤیکە کۆنەکان، کامینڤ، زینۆڤیڤ، سمیرنۆڤ، مراشکۆڤسکی و دوانزە کەسی دیکە لەلایەن ستالینەوە، چەند تۆمەت و پیلانگێڕییەک دروستکران. ئەوانیان ناچار کرد دان بەتاوانگەلێکدا بنێن کە نەیانکردبوو و پاشان هەموویان ڕەمی کردن. لە کانوونی دووەمی 1937دا بۆ بەلشەڤیکە ئەسڵییەکانی دیکەش وەک پیاتاکۆڤ، ڕادەک، سۆکۆلینیکۆڤ و مۆرالڤۆیش تەمەت و پیلانگێڕیی دامەزران و ئەوانیش گولەباران کران و یان ناچاریانکردن خۆیان بکوژن. لە حوزەیرانی 1937، مارشاڵ تۆخاچۆسکی و دەستەیەکی پلەباڵاترین ژەنەڕاڵەکانی سوپای سوریش ئیعدام کران.

دواجار لە مارسی 1938دا، بوخارین، ڕایکۆڤ، کریستینسکی و ئەوانیدیکەش، بەبیانووی دژەشۆڕشبوون سزا دران و هەموویان گولەباران کران. هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی لینین کوژران، تەنها ستالین نەبێت. ترۆتسکی، ئەگەرچی غایب

بوو، بەڵام لەڕاستیدا ئەو بانگکراوی ئەسڵیی قەزیەکە بوو. تۆمەت بەسەر هەموویاندا بەخشرایەوە کە نەخشەیان کێشاوە ستالین و ڕابەرانی دیکەی سۆڤێت تیرۆر بکەن، وڵات بشێوێنن و پیلانگێڕیی لەگەڵ دەزگا موخابەراتییەکانی بریتانیا، فەڕەنسا، ژاپۆن و ئەڵمانیا بکەن. هەروەها تۆمەتیان بۆ دروستکرا کە چوونەتە نێو هاوپەیمانێتییەکی نهێنییەوە لەگەڵ هیتلەر و میکادۆ بۆ بەخشینی بەشێکی گەورەی خاکی سۆڤێت.

دادگاییکردنە نمایشییەکانی مۆسکۆ پاکتاوکردنێکی دووروودرێژی لەگەڵدا بوو کە ملیۆنان کەسی دەگرتەوە. زۆرێک لە قوربانیان بەبێ دادگاییکردن ئیعدام کران، چونکە ئامادە نەبوون شایەتیی درۆ بدەن. دانپیانانە ئیجبارییە خوێندراوەکان لە دادگاییکردنە گشتییەکاندا تەنها بناغەی تۆمەتەکان و حوکمدانەکان بوو. دەستی ستالین تەنها نەدەگەیشتە ترۆتسکی و نەدەکرا ئەو بێدەنگ بکرێت. ئەو لە هەر قۆناغێکدا، کردەوە شێت و دێوئاساکانی ڕژێمی ستالینیستیی مەحکوم کرد.

لەهەمانکاتدا پارتە کۆمۆنیستییەکان لەهەموو شوێنێکەوە دژی ترۆتسکی و لەبەرژەوەندیی دادگاییکردنەکان پروپاگەندەیان دەکرد. ستالینیستەکانی بریتانیا بەتایبەت بەگەرموگوڕییەکی تایبەتەوە دەستیان بەم کارە کرد. ئارڕ. پیج. ئارنۆت لە بڵاوکراوەی "لیبەر مەنثلی"دا دەنووسێت: "ئێستا ڕوون بووەتەوە

ترۆتسکیزم، تەواوکەری فاشیزمە". واڵتەر هۆڵمز لە "دەیلی وۆرکەر"دا دەنووسێت: "نیگەرانیی چین؟ هەمووان لە حزبماندا ئەوەندە تێدەگەن بزانن کە دەبێت ئەوان گولەباران بکرێن". جۆن گولان نامیلکەیەکی نووسی بەناوی "وەرچەرخانی ترۆتسکیزم لە مەنشەڤیزمەوە بەرەو هاوپەیمانیی لەگەڵ فاشیزم و دژەشۆڕش". دی. ئان. پرەیت، پارەزێریی پاشایەتیی لایەنگریی ستالینیزم، دەنووسێت: "دووبارە سۆسیالیستە خەمخۆرەکان، پڕبوون لە گومان و نیگەرانیی" بەڵام "دووبارە دەتوانین دڵنیا بینەوە کاتێک دووکەڵ لەسەر سەکۆ جەنجاڵەکە نەمێنێت، روون دەبێتەوە تۆمەتەکان دروستبوون، دانپیانانەکان ڕاست بوون و دادگا عادیلانە بڕیارەکانی داوە".

هاوکات، ڕژێمی ستالینیستیی لە ڕووسیا، وردە وردە پەیکەرەی بەلشەڤیکە کۆنەکانی وێران دەکرد. ییژۆڤ، یەکێک لە کەسە سەرەکییەکانی پۆلیسی نهێنیی، لە 10ی ئابی 1936دا شایەتینامەیەکی دژی پیاتاکۆڤ نیشانی ئەو دا و ئەوی تا ئاستی کەوتنی دەمارەکانی بردە پێشەوە. پیاتاکۆڤ لە هەوڵدا بۆ بەرگریکردن لەخۆی، "ترۆتسکیستەکان"ی تۆمەتبارکرد بەوەی سەبارەت بەو درۆیان بڵاوکردۆتەوە. پیاتاکۆڤ خۆی سەرزەنشت کرد بەهۆی "بێ ئاگایی لە کردەوە دژەشۆڕشگێڕییەکانی هاوسەری پێشووی و بێ باکبوونی

بەرانبەر دانیشتنەکانی ئەو لەگەڵ خزمانی" و گوتی دەبێت سزایەکی قورس بدرێت و داوای ئەوەی کرد "کە لەهەرجۆرە بەخشینێک بێبەری بکرێت". بەبیرکردنەوە لەمە، داوای لە کۆمیتەی مەرکەزیی کرد "ڕێگەی پێبدەن هەموو ئەو کەسانەی لە دادگایی (داهاتوودا) بە گولەبارانکردن مەحکوم دەکرێن، یەکێک لەوانە هاوسەرەکەی پێشووی، خودی خۆی ڕەمیان بکات". ئەو داوای کرد قسەکانی لەم بارەیەوە لە چاپەمەنییەکاندا بڵاو بکرێنەوە.

ڤادیم ڕۆگۆڤین لە کتێبە نایابەکەی خۆیدا "1937 – ساڵی تیرۆر و تۆقاندنەکانی ستالین" دەنووسێت: "ستالین لە ڕاپۆرتی ئەم ڕووداوانەدا لە پلنیۆمی دیسەمبەری کۆمیتە مەرکەزیی لە ساڵی 1936دا دەڵێت پیاتاکۆڤ "بەچێژەوە" ئامادەکارییەکانی گێڕانی ڕۆڵی دادوەرانی بینیوە. بەڵام کاتێک باش بیرمانکردەوە بەو ئەنجامە گەیشتین ئەم کارە وەڵام نادراتەوە. مانای ناساندنی ئەو وەک دادوەری گشتیی چی دەبێت؟ هەر قسەیەک بکات، تۆمەتباران شکایەت دەکەن و دەڵێن: "سەیرکە خۆت گەیاندۆتە کوێ، بە کورسیی دادوەران. بەڵام مەگەر تۆ لەگەڵ ئێمە کارت نەدەکرد؟!" و بەرهەمی ئەم کارە چی دەبێت؟ دادگاییکردنەکان دەبنە کۆمیدیا و تێکوپێک دەچن" (ڕۆگۆڤین، 69).

لەلایەکەوە ئەمە دەریدەخات پیاتاکۆڤ بۆ هەڵاتن لە چارەنووسە حەتمییەکەی چەندە تێکشکاو و نائومێد بووە. ئەو بەرانبەر بە ستالین کەوتە سەر ئەرز. پاڕانەوە و تکای ئەو بۆ ئەوەی ڕێگای بدەن ببێتە دادوەر بە سیاقێکی سەگباوەڕیی و گاڵتەجاڕییانە تەنانەت کەوتە بەر سەرنجی ستالینیش، بەڵام پاشان ڕەتکرایەوە؛ چونکە دەترسان ناوبانگێکی خراپ بۆ دادگاییکردنەکان دروستبکات.

پاشان ستالین بەخوێنساردییەوە داوای پیاتاکۆڤی بۆ تەقەکردن لە تۆمەتباران، بەتایبەت هاوسەری پێشووی، هەڵسەنگاند. بەڵام بەم دەرەنجامە گەیشت ئەمە کارێکی عاقڵانە نییە: "ئەگەر ڕاییگەیەنین کەس باوەڕی نەدەکرد ئێمە ناچارمان نەکردووە. ئێمە گوتمان ئەمە کارە ڕێگایەکی باش نییە. چونکە کەس باوەڕ ناکات ئەو خۆبەخشانە بڕیاری داوە ئەم کارە بکات و ناچاریان نەکردووە بۆ ئەم کارە. بەڵێ و بۆیە ئێمە هیچ کاتێک ناوی ئەو کەسانەمان ڕانەگەیاندووە کە سزادانەکان جێبەجێ دەکەن (بە گواستنەوە لە ڕۆگۆڤین، 70).

کاتێک ناوی تۆمسکی لە پراڤدا، لەپەیوەندیدا بە "دارودەستەی ترۆتسکی-زینۆڤیف"دا بڵاوکرایەوە، ئەو خۆی کوشت. ئەو یاداشتێکی بۆ ستالین بەجێهێشت: "من هەرگیز پەیوەندییم بەهیچ پیلانگێڕییەکەوە دژی حزب نەکردووە". لێپرسینەوەی ڕادەک،

سکۆلینیکۆڤ و پیاتاگۆ بووە هۆی ڕەشبوونی زیاتری ناویان. ئەوان ئیعترافیان بە "سەنتەر"ێکی خەیاڵیی کرد کە ترۆتسکی بۆ نموونە بە سوودوەرگرتن لێی لەناوەوەی سۆڤیێتدا، تیرۆرزمی ڕێکخستووە. لە دادگاییەکاندا ئەوانیان بەخەتابار زانی و پیاتاکۆڤ ئیعدامکرا و ڕادەک و سکۆلینیکۆڤ زیندانیی کران – و ئەم دووانەش سەرەنجام لە ساڵی 1939 لەلایەن زیندانیانی دیکەوە کوژران و ئەمەش بە فەرمانی دامەزراوە ئەمنییەکان بوو.

لە سەرەتای ساڵی 1936دا، سێرگی سیدۆڤ، کوڕەکەی ترۆتسکی، دەستگیرکرا و دووریان خستەوە بۆ کەمپەکانی ڤۆرکوتا. تۆمەتی نوێیان دایە پاڵی و بانگەشەی ئەوەیان کرد کرێکارانی ژەهرخوارد کردووە. ئەویان مەحکومکرد بە گولەبارانکردن لە 29ی ئۆکتۆبەری 1937. هەموو ئەندامانی خێزانەکەی ترۆتسکی (لانیکەم ئەوانەی دۆزرانەوە) دەستگیرکران. ڕۆنین، ژنبرای سێرگی، ئاماژە بەوە دەکات: "تەنها ناوی ئەو – ترۆتسکی! – ترس و تۆقاندنێکی ڕەمزئامێزی لەنێو دڵی هاوسەردەمانی پاکتاوسازیی گەورەدا دروست دەکرد. و هەر ئەوەی خوشکەکەی من جۆرێک پەیوەندیی بەم ناوەوە هەیە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک، نەک تەنها خوشکەکەم، بەڵکو هەموو خێزانەکەمانیان کرد بە موجریمانی دەوڵەتیی و

"بەکرێگیراو"، "جاسوس"، "هاودەست" و بەکورتیی "فەرمانبەرانی گەورەترین شەیتانی هاوچەرخ و شەڕانگێزترین دوژمنی دەسەڵاتی سۆڤێت" (بە گواستنەوە لە ڕۆگۆڤین، 152-153).

لەکاتێکدا زۆرێک لەژێر لێپرسینەوە دوورودرێژەکاندا دانیان بەو تاوانانەدا نا کە ئەنجامیان نەدابوو، زۆرێکیش ئەم کارەیان نەکرد. زۆرینەی زۆریان گولەباران کران. هەندێکییان بەزیندوویی مانەوە. وەک د. ب. دۆبرۆشکین، ئەندازیارێک لە مۆسکۆ. ئەو لێپرسینەوەیەکی دوو ساڵەی تێپەڕاند و لەو پرۆسەیەدا چاوێکی لەدەستدا. سەرەنجام لە ڕۆژگاری "شەپۆلی پێچەوانە"ی بیریادا ئازاد کرا.

دادگای نمایشیی نەیاران کاریگەریی لەسەر هەمووان دانا و تەنانەت لەسەر دەست لەسەر سینەترین ستالینیستەکانیش. بۆ نموونە، ئۆرژونیکیدزە لە سەرەتاکانی ساڵی 1937 و دوای ئازار و ئەشکەنجەی بەردەوام لەلایەن بیریاوە لە "گی. پ. ئو"دا خۆی کوشت. لە شوبات و مارس، لە پلنیۆمی کۆمیتە مەرکەزییدا، دۆسییەکیان دژی بوخارین و ڕایکۆڤ دروستکرد. ئەوانیان ناچارکرد بەرانبەر بە ئەشکەنجەی قورسیان بکەونە سەر ئەژنۆ. کاتێک بوخارین بەهۆی کورتبینییە سیاسییەکانی داوای لێبوردنی کرد، ستالین قسەکەی پێبڕی و گوتی: "ئەوەندە بەس نییە، بەس نییە!" ئەو پاشان داوای کرد "کۆمیتە مەرکەزیی

جارێکی دیکە من ببەخشێت". هەم بوخارین و هەم ڕایکۆڤ دوای چوار ڕۆژ لێپرسینەوە لە بارودۆخێکی تەواو شەکەتیی و نائومێدیدا بوون. بەردەوام قسەکانیان دەپچڕێنرا و ڕووبەڕووی کاردانەوە دەبوونەوە. بوخارین کە قسەی کرد، هەندێک لە ئامادەبووان هاواریان دەکرد: "دەبوو زۆر دەمێک بووایە لە زیندان قایم بکرایە!" ستالین داوای لەوان کرد بە شایەتیدان دژی خۆیان و ئەوانیدیکە "خۆیان پاک بکەنەوە".

فەرمانبەرانی ستالین لە هەموو دونیاشدا مەشغوڵ بوون و سەرقاڵی ئاشکراکردنی "دژەشۆڕشگێڕبوون"ی ترۆتسکیستەکان بوون. لە ئیسپانیا، گی. پ. ئو بە ڕابەرایەتیی ئەلێکساندەر ئۆرلۆڤ، تۆڵەکردنەوە و تیرۆرکردنی ترۆتسکیستەکان و دژەستالینیستەکانی "پارتی کرێکاریی یەکێتیی مارکسیستیی" (پوم)ی خستووە بەرنامەی کاری خۆیەوە. ئێروین ڤۆلف، سکرتێری ترۆتسکی لە نەرویج و نین، ڕابەری پارتی پومی دەگرتەوە کە ئەم کەسەیان بەبێ هیچ ڕەحمێک ئەشکەنجە دا و جەستەیان دوور لە چاوەڕوانیی، فڕیدا. لە ساڵی 1937، ئیگناس ڕایس، فەرمانبەری گی. پ. ئو بە ئاشکرا لە ستالین جیابووەوە و بەرەو ترۆتسکی هات. ئەویان دۆزییەوە و کوشتیان. لە ساڵی 1938، لیۆن سیدۆڤ، کوڕێکی دیکەی ترۆتسکی، لە پاریس کوژرا. هەر لەو ساڵەدا، جەستەی بێ سەری ڕۆدۆڤ کلیمت

(سکرتێری ئەنتەرناسیۆنالیی بزووتنەوە)یان لە ڕووباری سی دۆزییەوە. تۆڕەکە خەریک بوو دەکەوت و وێران دەبوو.
ترۆتسکی دەیزانی گیانی لە مەترسیی بەردەوام دایە. ترۆتسکی بە ناتالیای دەگوت: "ڕۆژێکی دیکەش ماینەوە". ئومێدی ترۆتسکی ئەوە بوو هێندە کاتی هەبێت بتوانێت کادرە تازەکان بۆ ڕووداوە شۆڕشگێڕییەکان لە ڕۆژگاری جەنگ و دوای ئەوە دروستبکات و پەروەردەیان بکات. ترۆتسکی نموونەی نەریتە حەقیقییەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بوو. بەم هۆیەوە وەک هەڕەشەیەکی مەرگەساتبار بۆ ستالین ئەژمار دەکرا. نارەزایەتییەکانی ناوەوەی سۆڤێت لەگەڵ ڕووداوە شۆڕشگێڕییەکان لە ئیسپانیا، ئیمکانی زیندووبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەوەی وڵاتی خستە ڕۆژەڤەوە. هەر ئەوە بوو ستالین دادگاییەکانی پاکتاوسازیی بەگەڕخست. دەبێت هەموو نەیارانی شیمانەیی لەسەر سەکۆکە بسڕدرێنەوە.
خودی ترۆتسکی لە 20ی ئابی 1940 لەلایەن بەکرێگیراوێکی ستالینیستییەوە تیرۆرکرا. بەڵام کوشتنی کەسێک، کوشتنی بیروباوەڕ و ئایدیاکانی ئەو کەسە نییە. ستالینیزم لە یەکێتیی سۆڤێتیی پێشوو داڕما و کەوت. بیرۆکراسیی ستالینیستیی (کە ترۆتسکی پێشبینیی کرد) پەیوەندیی بە دژەشۆڕشی سەرمایەدارییەوە کردووە. ڕیزی پارتە کۆمۆنیستییەکان لە

جیهاندا لە لەهەڵکشان و داکشان دایە. ئەوان هیچ کاتێک وەک ئەمڕۆ بەڕووی ئایدیاکانی ترۆتسکیدا کراوە نەبوون. دروستبوونی ڕەوتە مارکسیستییە بەهێزەکان لە جیهاندا، ئێستا هەواڵێکە بۆ نەوەی نوێی کرێکاران و لاوان. ترۆتسکی گەنجینەیەکی بیروباوەڕ و ئایدیای بە ئێمە بەخشیوە کە کۆمەکی ئێمە لە ئەنجامدانیان، وەزیفە و ئەرکی سەرەکیی ئێمەیە. قۆناغێکی نوێی شۆڕش و دژەشۆڕش لەبەردەممانە. بەگوێرەی ئەم ڕووداوانە، ڕێکخراوە نەریتییەکانی چینی کرێکار دەگۆڕێن و دووبارە دەگۆڕێن و ڕێگای پەیدابوونی ڕەوتە مارکسیستییە جەماوەرییەکان لە ئاستی ئەنتەرناسیۆنالدا هەموار دەکەن.

ترۆتسکی بەرگریی پابەندیی و ئیمانی خۆی بەداهاتووی سۆسیالیستیی مرۆڤایەتیی تا کۆتایی تراژیدیانەی ژیانی خۆی کرد. پاراستنی ئاڵای شەفاف و ڕوونی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕیی زەروریی بوو.

ترۆتسکی گوتی: "ئەم ئاڵایە نادەینە دەستی مامۆستایانی ساختەکاریی. ئەگەر نەوەی ئێمە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم لەسەر ئەم هەسارەیە، بە لاوازیی بمێنێتەوە، ئەوا ئاڵاکە بەدەستلێنەدراوی بە منداڵەکانمان دەسپێرین. خەباتی بەردەممان کە لەدوورەوە دیارە، زۆر لەسەرووی تاکەکان، گروپەکان و حزبەکانەوەیە. ئەمە خەباتێکە بۆ داهاتووی هەموو مرۆڤایەتیی:

خەباتێک کە توندوتیژ دەبێت. دوورودرێژ دەبێت. هەموو ئەوانەی حەزیان لە پشووی جەستەیی و ئارامی مەعنەوییە – بێڵن با لە تەنیشتەوە بووەستن. لە ڕۆژگاری کۆنەپارێزییدا، پشت بەستن بە بیرۆکراسیی ئاسانترە لە پشت بەستن بە حەقیقەت. بەڵام بۆ هەموو ئەو کەسانەی سۆسیالیزم بۆ ئەوان نەک تەنها دەربڕینێکی بەتاڵ، بەڵکو ناوەرۆکی زیندووی شۆڕشگێڕییانە – نە هەڕەشە و نە ئازار و نە توندوتیژیی نامان وەستێنێت. لەوانەیە شوێنی لەسەر ئێسقانەکانمان بمێنێتەوە، بەڵام حەقیقەت سەردەکەوێت. ئێمە ڕێگا بۆ ئەمە ئامادە دەکەین و حەقیقەت سەردەکەوێت. لەژێر لێدانی دڕندەئاسادا، چارەنووسی من هاوشێوەی خۆشحاڵیی باشترین ڕۆژەکانی لاویم دەبێت. ئەگەر بتوانم لەئاسانکردنی سەرکەوتنی حەقیقەتدا بەئێوەوە بلکێم، چونکە ئەی هاوڕێیانی من، باڵاترین خۆشی و بەختەوەریی ئینسان نەک سوودوەرگرتن لە ئێستا، بەڵکو ئامادەکارییە بۆ داهاتوو".

لەندەن، مارسی 2000

- 'The Case of Leon Trotsky'

Report of Hearings on the Charges Made Against Him in the Moscow Trials, Verbatim Transcript of Trotsky's Testimony Before the Dewey Commission, Coyoacan, Mexico, April 10-17, 1937 published by Merit Publishers, New York Note: unfortunately this book is out of print, but can probably be found in a well stocked library

- 'Not Guilty'

A companion volume to the above publication, a complete report of the findings of the Commission, published by Pathfinder, can be ordered from WellRed Books

- :1937'Stalin's year of terror'

by Vadim Rogovin, published by Mehring Books, has recently come out and is also a very good account of Stalin's frame-up trials. Can be ordered from WellRed Books (£19.99 sterling(

- The Moscow Trial

by Max Shachtman, concentrates on the 1936 trials.

- The Red Book

by Leon Sedov, Trotsky's son. This is available and can be ordered from WellRed Books (£3.95 sterling). This is a good short account in which Sedov exposes the Moscow Trials.

# کاریگەریی مەرگیترۆتسکی

**تید گرانت**

[تید گرانت ئەو ڕۆژەی لە بیرە کە هەواڵی تیرۆرکردنی "ترۆتسکی" لەڕادیۆ بڵاوکرایەوە، ئەو لە نەخۆشخانە بوو].

"هێشتاش ئەم هەواڵە، چاوەکانی پڕدەکات لە فرمێسک".

تووڕەیی و غەزەب و هەستیی نائومێدیی هاوڕێیان، لە هەموو دونیادا قابیلی ئەوە نەبوو هەر بیریشی لێبکەیتەوە. ستالینیستەکان نۆزدە جار هەوڵیاندابوو "ترۆتسکی" تیرۆر بکەن و ئەمجارە سەرکەوتووبوون.

لەو ڕۆژگارەدا، ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهان زۆر گەرم بوو بەجۆرێک [بەپێچەوانەی هەلومەرجەکانی ئاشتییەوە] مەرگی "ترۆتسکی" نەیدەتوانیی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر هەبێت. بۆیە "ستالین"، بۆ تیرۆرکردنی "ترۆتسی" [لەلایەن ئیرهابییەکانییەوە] لەو ڕۆژگارەدا حساب و کتابی تەواوی کردبوو. "ستالین" وابیری دەکردەوە بەهۆی ئەو ئاڵۆزیی و پەرتەوازییە گشتییەی لە جەنگەوە سەرچاوەی گرتووە، تیرۆری "ترۆتسکی" دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت. بەڵام تیرۆری

"ترۆتسکی" شوێنەوارێکی گەورەی لەسەر ئێمە بەجێهێشت و تەنانەت ئێمەی لە بریتانیا و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر ئامادەی بەدواکەوتنی ئەو کرد.

دوای تیرۆری "ترۆتسکی"، ئێمە دەستمانکرد بە سەرزەنشتکردنی "پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی ئەمریکا" بەهۆی ئەوەی بەباشی پارێزگاریی لە "ترۆتسکی" نەکردبوو؛ دیارە ئێمە لە ئاستی گشتیدا هیچ ڕەخنەیەکمان نەگرت.

بەڵام چ کاردانەوەیەک دوای تیرۆری "ترۆتسکی" لەلایەن ئێمەوە ئەنجام درا؟ کاردانەوەی خێرای ئێمە دەستکردن بوو بە کەمپینێک بۆ ئاشکراکردنی تاوانی ستالینیستەکان. هەواڵی تیرۆری "ترۆتسکی" بەشێوەیەکی تەواو کارەساتبار و قێزەون و پیس لە ڕۆژنلمەی کرێکاریی پارتی کۆمۆنیست [ستالیسنیست] لەلایەن "جی. ئاڕ. کەمپیبڵ"ەوە بڵاوکرایەوە. لەم ڕۆژنامەیەدا وانووسرابوو یەکێک لە پەیڕەوانی "ترۆتسکی" ئەوی تیرۆرکردووە و "ستالین" و دەزگا بیرۆکراتییەکەی هیچ ڕۆڵێکی لەم تیرۆرکردنەدا نەبووە. بەڵام ئێمە ئەم درۆیەمان ئاشکرا کرد.

لەو ڕۆژگارەدا من دەرگیری "یەکێتیی ئەنتەرناسیۆنالی کرێکاران" بووم کە بۆ خەبات دژی جەنگی ئیمپریالیستیی بونیاد نرابوو. ئێمە خەباتمان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کرێکاریی

دەکرد کە دوای بەنەتەوەییکردنی ئابووریی، ئەگەر پێویست بێت جەنگی شۆڕشگێڕیی دژی "هیتلەر" ڕێکبخەین.

بەبێ بوونی "ترۆتسکی" ئێمە نابینا ببووین. "ترۆتسکی" لەزۆر ڕووەوە تەنانەت لە "لینین"یش گەورەتر بوو؛ ئەو لە کارە تیۆرییەکانیدا لەنێوان ساڵی 1923 و 1940، وێڕای گەشەدان بە مارکسیزم و لینینیزم، کەچی قوڵاییەکی زیاتریشی پێبەخشین. شیکاریی "ترۆتسکی" دەربارەی ڕووداوەکانی ئیسپانیا، بەتایبەت شۆڕشی 1931-1937، فەڕەنسا، بریتانیا لەو ڕۆژگارەدا مانگرتنی گەورە، چین لە ساڵانی 1925-1927 و ئەڵمانیا لەخەباتدا دژی "هیتلەر"، پەیڕەوانی بۆ خەباتێک چەکدارکرد، کە لەبەردەمیان بوو.

لەهەمووی زیاتر، ئێمە بەبێ "ترۆتسکی" شیکارییەکانی ئەوتۆمان بۆ ستالینیزم نەدەبوو. ڕەخنەی ئەو لە "کۆمینترن" (ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست) دووبارە لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا ڕاستی و دروستیی خۆی سەلماند.

ئێمە هەستێکی داخ و کەسەری قوڵمان هەبوو، چونکە لەوانەیە بتوانین بڵێین باشترین بەرهەمی ترۆتسکی لە کۆتایی ساڵی تەمەنیدا خوڵقێنرا. کتێبەکەی، "بەرگریکردن لە مارکسیزم"، لە شیکاریی خۆیدا بۆ سۆڤێت و پرۆسەی ستالینیزم، ڕاستیی و دروستێتیی خۆی سەلماند.

"ترۆتسکی" ئەوەی دەرخست بیرۆکراسیی چینێک، پۆلێنبەندییەکی تازە نییە، بەڵکو لادانێکە لە سۆسیالیزم کە چیتر ناتوانێت سۆسیالیزم بهێنێت. کتێبە سەرنجڕاکێشەکەی ئەو وێڕای ئەوەی لەو ڕۆژگارەدا و لەم بارەیەوە نووسرابوو، کەچی لە ساڵی 1945دا بڵاوکرایەوە. "ستالین" فشاری خستە سەر دەوڵەتانی بریتانیا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکە خۆیان بەدوور بگرن لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی ترۆتسکی تا دوای جەنگ. بەرهەمەکانی ترۆتسکی بناغەیەکی پتەو و بنەمایەکی قوڵیی تیۆریی بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی بەخشی. ئەگەر ئەو بۆ پێنج ساڵی دیکە ژیابایە و بەرهەمگەلێکی وەها قوڵی بخوڵقاندایە، بەبێ گومان وەک ئیمتیازێکی زۆر گەورە بۆ بزووتنەوەی کرێکاریی حساب دەکرا. ئەگەر ترۆتسکی تیرۆر نەکرابایە و بیتوانیبایە دوای جەنگی دووەمی جیهانیش بژیت، نەیدەتوانی لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا، جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدیبهێنێت؛ چونکە سەرکەوتنی ستالینیزم لەلایەکەوە و زیندووبوونەوەی سەرمایەداریی لەلایەکی دیکەوە ببووە ڕێگر لەبەردەم ڕوودانی شۆڕشێک کە ترۆتسکی چاوەڕوانیی ڕوودانی بوو.

لە وڵاتانی فەڕەنسا، بریتایا، ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەدا، ئەگەر ئەو شتەی پێیدەگوترا پارتە کۆمۆنیستییەکان، پارتی لەڕاستیدا شۆڕشگێڕ بوونایە، ئەوا دەیانتوانی شۆڕش لە کیشوەری

ئەوروپادا فراوان بکەن و کێشەکانی چینی کرێکار لە ڕەهەندە نەتەوەیی و ئەنتەرناسیۆنالییەکانیدا بۆ هەمیشە چارەسەر بکەن.

بەڵام ئەگەر "ترۆتسکی" زیندوو بووایە، ئەو کرێکارانی باشتر چەکدار دەکرد. لەکاتی زیندبوونی "ترۆتسکی"دا، چیتر ئەو کارەساتە موتڵەقە لەلایەن ئەو کەسانە نەدەمایەوە کە بانگەشەی پشتیوانیکردنیان لە "ترۆتسکی" دەکرد بەڵام لەڕاستیدا بە کۆمپلێتی ئایدیاکانی ئەویان بەلاڕێدا دەبرد. ئەگەر ترۆتسکی زیندوو بووایە بۆ ئەوەی ڕابەرایەتیی بزووتنەوەکە بکات، زۆرێک لەو خەسارەت و زیانانە بوونیان نەدەبوو کە بەهۆی دابەشبوونی بزووتنەوەکەوە ڕوویاندابوو.

ترۆتسکی کۆمەکێکی گونجاوی بە شیکاریی ئێمە بۆ دۆخی باڵادەست کرد. دەرەنجامەکانی ئەو شیکارییە لەسەر پتەوبوونی سەرمایەداریی لە وڵاتانی پیشەسازیی و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی ستالینیزم لە وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵاتیی و سۆڤێت بۆ ماوەیەکی زەمەنیی کاتیی دامەزرابوو کە ئێستا تێپەڕیوە. ئەم تیۆرییەی "ترۆتسکی" بەتەواوی بەدیهات و تەنانەت بەشێوەیەکی بەرچاوتر لەمیانەی ساڵی 1990دا بەتەواویی سەلمێنرا. بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەو هەواڵانەی لە سۆڤێتەوە دێن[ئەم وتارە لە ساڵی 1990 نووسراوە-وەرگێڕ] – جوڵەی تەواو دژەشۆڕشگێڕیی کە

گۆرباچۆڤ بۆ گەڕاندنەوەی سەرمایەداریی گرتوویەتییە بەر – دەریدەخات چەندە شیکارییەکەی ترۆتسکی بۆ ستالینیزم و ئەو پرۆسەیەی واڕوودەدات، ڕاست و دروست بووە.

هەروەک ترۆتسکی پێشبینیی کرد، بیرۆکراسیی بۆ پاراستنی ئیمتیازاتەکانی خۆی ناچاردەبێت بەرەو سەرمایەداریی بابداتەوە و بەئاشکرا بکەوێتە بەرەی دژەشۆڕشەوە. بیرۆکراتەکان هەوڵدەدەن هەوڵ دەدەن داوای یارمەتیی لە کەسانی وەک "بۆش"[ی باوک]، "تاچەر" و "کوهل" [هێلموت کوهل سەرۆکی ئەڵمانیای غەربیی بۆ دوو دەورە و دەورەیەکیش سەرۆکی ئەڵمانیای یەکگرتوو، لەکاتی نووسینی ئەم وتارەدا هێشتا کوهل نەببوو بە سەرۆکی ئەڵمانیای یەکگرتوو-وەرگێڕ] بکەن. هێڵنجهێنەرە کاتێک دەبینیت چۆن "گۆرباچۆڤ" ماستاوچییانە بەرانبەر ئیمپریالیستەکان خاکەڕایی خۆی پیشان دەدات. لەو ڕۆژگارەی دەستپێکردووە، لەگەڵ ئەوەی ستالینیزم لە سۆڤێت و بلۆکی شەرق دارماوە، سەرمایەدارییش بەرەو لەناوچوون و کەوتن دەڕوات.

لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا، ئێمە وێڕای بونیادنان و قوڵاییبەخشین بە ئایدیاکانی "ترۆتسکی"، بزووتنەوەیەکیشمان بونیادنا سەرەنجام دەبێتە هۆی گۆڕان و وەرچەرخانی پارتی کار و یەکێتییە کرێکارییەکان لە بریتانیا و لە ئاستی

نێودەوڵەتیدا[26 ساڵ دواى ئەم قسەیەى تید گرانت، لە ساڵى 2016 جێرمى کۆربین وردە وردە لە ئایدیا مارکسیستییەکان نزیک دەبێتەوە و تەنانەت دەنگۆیەکى گەورەش لە ناو میدیا و شەقامى بریتانیدا دروستبوو، کە کۆربین ترۆتسکیستەکان دەباتە سەرکردایەتیى حزبەوە، بۆ ئەوەى بڕیارەکانى کۆمیتە مەرکەزیى حزب بەئاراستەى ئاڵوگۆڕى شۆڕشگێڕانەى خۆیدا بەرێت، ڕەوتى ڕووداوەکان خێران و کۆربین بەم دواییانە پشتیوانیى لە بزووتنەوەى دژەترەمپ کرد کە ئەم بزووتنەوەیە لەخۆیدا هەڵگرى ڕەگەزگەلى خەباتى چینایەتیى و دژەسەرمایەدارییە – وەرگێڕ].

تەنانەت ئێستاش کە بۆ ڕابردوو دەگەڕێینەوە، بۆ ئەو کاتەى تیایدا "ترۆتسکى" تیرۆر کرا، چاوەکانمان پڕ دەبێت لە فرمێسک. ترۆتسکى چ فیداکارییەکى گەورەى کرد. چ قوربانییەکى گەورەى دا. لەکاتێکدا خێزانەکەى دەکوژران، هاوڕێکانى، بەلشەڤیکە کۆنەکان، هەموویان لەناوبران و ئەمەش سەرکەوتنێک بوو بۆ ستالینیزم و ڕیفۆرمیزم، بە تەحەمولکردنى هەموو ئەم کێشانەوە، هەرگیز یەک دەقە نەوەستا لە زەرووڕەتى کارکردن بۆ ئامادەکردنى کادرانى شۆڕشگێڕ بەئاراستەیەکى زیاتر بۆ بزووتنەوەکە.

لەسەر بنەمای ئایدیاکانی ترۆتسکی و لەهەمانکاتدا گەشەپێدان و قوڵکردنەوەی ئایدیاکاندا دەتوانین بەرەو سەرکەوتن بڕۆین.

# "تـ" وەك ترۆتسكی؛
# پاڵەوانێكی گۆشەگیركراو

**تۆنی كلیف**

لە تەواوی مێژووی بزووتنەوەی چینی کرێکاردا ناتوانین هیچ کەسێک بدۆزینەوە چارەنووسێکی تێکەڵی پاڵەوانێتی و خەمبارانەی ترۆتسکی هەبێت.

"ترۆتسکی" وەک سەرۆکی شوراکان (سۆڤێتەکان)ی "سان پترزبۆرگ" لەناوەندی ڕێکخستنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا وەستابوو. ئەو سوپای ملیۆنیی سووری بونیادنا. ئەو لەگەڵ لینیندا بە ڕێنوێنیکردنی بزووتنەوەی ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی، ڕابەرایەتیی ملیۆنان کرێکاری لەسەرتاسەری جیهاندا کرد. بەڵام ترۆتسکی، ژیانی خۆی وەکو شۆڕشگێڕێکی ڕاوەدوونراو کۆتایی هات کە تەنها ژمارەیەکی کەمی لایەنگر و هەروەها کاریگەرییەکی زۆر کەمی لەسەر ڕووداوەکان بەجێهێشت.

"ترۆتسکی" له ساڵی 1906، دەستیکرد بە گەشەپێدانی "تیۆریی شۆڕشی بەردەوام". ئەم تیۆرییە، کردار و گوتاری ترۆتسکی تا کۆتایی تەمەنی ئاراستە کرد. جەوهەری سەرەکیی ئەم تیۆرییە، دەستنیشانکردنی ئاسەواری بەرانبەریی نێوان سەرمایەداریی نێونەتەوەیی و دواکەوتوویی ڕووسیای قەیسەری بوو. ترۆتسکی گوتی مەسەلەی زەروورریی ئەوەیە شۆڕشی دیموکراتیی جووتیاران بۆ لەناوبردنی فیودالیزم لە ڕووسیا (شۆڕش لەیەک وڵات) ئاوێتەی شۆڕشی سۆسیالیستیی (شۆڕشی جیهانی) بکرێت.

ترۆتسکی بە تیۆریی شۆڕشی بەردەوامی خۆی تەنانەت پێش لینینیش کەوتەوە؛ ئەو لە شاری تیۆرییەکەی خۆیدا باسی لە کاریگەریی ناچارانەی شۆڕشی ڕووسیا لەسەر بزووتنەوەی کرێکاریی جیهان و شکستی حەتمیی پرۆلیتاریای ڕووسیا کرد ئەگەر بێتوو شۆڕشی جیهانی هەرەس بهێنێت و نەتوانێت کۆمەکی ئەم شۆڕشە بکات.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر تیۆرییەکەی ترۆتسکی سەلماند، لەکاتێکدا گۆشەگیریی کرێکارانی ڕووسیا دوای شکستی شۆڕشی ئەڵمانیا، تەئکیدێکی نەرێنیی بوو لەسەر ئەم تیۆرییە.

وەرزێکی نوێی ژیانی ترۆتسکی بە خەبات دژی بیرۆکراسیی، بەرگریکردن لە دیموکراسیی کرێکاریی لە ڕووسیا و هەروەها

گۆڕانی ئەنتەرناسیۆنالی شۆڕشگێڕیی بۆ یەکەیەکی دەوڵەتیی حکومەتی ستالینیستیی، دەستیپێکرد.
ترۆتسکی لە ساڵی 1929، لەڕووسیا دەرکرا و لە هەموو ئەوروپادا بەهۆی سیخوڕەکانی ستالینەوە، ڕاوەدوو دەنرا. زۆرینەی نزیکەکانی بەدەستی حکومەتەکەی ستالین تیرۆرکران و سەرەنجام ئەو ناچاربوو دوایین ساڵەکانی ژیانی لە مەکسیک بەسەر بەرێت. وێڕای ئەمانە ترۆتسکی هەرگیز دوودڵ و ڕاڕا نەبوو و لەو قۆناغەدا بوو باشترین نووسینەکانی خۆی پێشکەشکردن.
ڕابەرایەتیی ستالینیستیی، بووە هۆی زنجیرەیەک شکست و هەرەسی بەردەوامی بزووتنەوەی کرێکاریی جیهان. دووبارە هەلومەرجە نیوەشۆڕشگێڕیی و شۆڕشگێڕییەکان کە دەبوو بگۆڕێن بۆ شۆڕشە سەرکەوتووەکان، بەهۆی سەرکەوتنی کۆنەپارێزیی ستالینیستییەوە کۆتاییان پێهات.
بەمجۆرە، شکستی چینی کرێکاری جیهانیی لە ساڵی 1933 لە ئەڵمانیا ڕوویدا. گرنگیی سەرکەوتنی هیتلەر لە کردنەوەی دەروازەکەدا بەڕووی کۆنەپارێزیی جیهانی، هێندەی گەورەیی سەرکەوتنی بەلشەڤیکەکان لەساڵی 1917 لە کردنەوەی دەروازەکان بەڕووی شۆڕشی جیهانیدا بوو. بەڵام "ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست" (کۆمینترن) لەژێر چەتری ستالیندا

ڕەخنەیەکی لە سیاستە پشتیوانییەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا لە فاشیستەکان نەکرد کە بووە هۆی بەدەسەڵاتگەیشتنی هیتلەر. ستالینیستەکان لەجیاتی خەبات دژی فاشیستەکان، دەستیانکرد بەخەباتکردن دژی ڕیفۆرمیستەکان. دووبارە و دووبارە ئەوە شیکاریی و تەفسیرەکەی ترۆتسکی بوو ڕەسەنێتیی خۆی سەلماند. هەرچەندە، ترۆتسکی هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمدا نەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیاکانی و دەستگەیشتنی بە سەرکەوتنێکی بەرچاو لەو قۆناغەدا.

لەبەرانبەر ماشێنی هیولایی و دێوی هیتلەردا کە مۆخ و ئێسقان و ڕۆحی هەزاران ئینسانی وردوخاش کرد، ئەنتەرناسیۆنالی ستالینیستیی گۆڕا بۆ ئایینێک کە دەستیکردبوو بە مودمینکردن و بەنجکردنی ئینسانەکان لە دونیایەکی بەتاڵ لە هەست و سۆز و عاتیفە.

لەو ڕۆژگارەدا، ڕەتکردنەوەی سیاستەکانی ستالین زۆر مەترسیدار بوو – ترسناک بەئەندازەی مودمینێک کە دەیەوێت واز لە تلیاککێشان بهێنێت. من لەبیرمە هاوڕێیەکم جووتێک پێڵاوی ڕووسی کڕی و پێڵاوەکانی ماچکرد، نەک لەبەر ئەوەی ئەحمەق بوو، بەڵکو بەهۆی ئەو ئازارە مەترسیدار و ترسەوە ئەم کارەی کرد کە بۆ داهاتووی نادیاری خۆی هەیبوو. لە کانوونی دووەمی ساڵی 1933 هیتلەر دەسەڵاتی بەدەستەوە

گرت. له شوباتی 1934دا، فاشیستەکان دەستیانکرد بە سەرکوتکردنی چینی کرێکاری نەمسا و لەهەمان مانگدا دەستیانکرد بەڕێکخستنی کاری چەکدارانە (ئەگەرچی ئەوان ئەو کارەیان دایە پاڵ خۆیان و ڕەتیانکردەوە). هەموو بەرەبەیانییەک یەکەم شتێکمان لە ڕۆژنامەکادا سەیر دەکرد، ئەوە بوو ببینین چەند کرێکار سەرکوتکراون و لێیان دراوە. کۆششی ڕووسیا و پارتی ستالینیستی حاکمیش بەڕادەیەک ناقابیلی ڕووبەڕووبوونەوە بوو. ئەمە زیاتر و زیاتر بووە هۆی گۆشەگیربوونی ترۆتسکیستەکان. ئەوان بەردەوام کەوتبوونە بەردەم ئازار و ئەزیەتی جەستەیی لەلایەن ستالینیستەکانەوە. من لەبیرمە "پارتی کۆمۆنیستی فەلەستین" لەیەکێک لە بەیاننامەکانیدا چۆنچۆنی ناو و ئەدرەسی دوو کەسی بەناونیشانی ترۆتسکیست، فاشیست و سیخوڕی پۆلیس بڵاوکردەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەو دوو کەسە خێرا لەلایەن پۆلیسی بریتانییەوە دەستگیر بکرێن.

بەڵام ئازار و ئەزیەتی فیزیکی، مەسەلەیەکی سەرەکیی نەبوو، بەڵکو مەسەلە و کێشەی سەرەکیی هەستکردن بوو بە تێمان و ناچاربوونێک کە لەڕووبەڕووبوونەوە بەرانبەر ئامێری میلیتاریی گەورەی ئەڵمانیا (هیتلەریزم) و نەیارەکەی واتا سوپای سووری ڕووسیا (ستالینیزم) دەهاتە ئاراوە.

ئەی دوای "دادگا نمایشییەکانی مۆسکۆ" چی؟ دوای تۆمەتبارکردنێکی ڕابەرانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە "سیخوڕیکردن بۆ نازییەکان"، بەشی هەرە گەورەی کۆمیتەی مەرکەزیی حزبی لینین، سەرۆکی کۆمینترن و ڕابەری سەرەکیی سوپای سور [لەلایەن دەزگای سەرکوتی ستالینەوە لەناوبران]؛ دەبێت زۆر ئەحمەقانە بێتەبەرچاو، کە ئەمە ئیعتیباری ستالین نەهێڵێت و کۆمەک بە پێگەی ترۆتسکی بکات. لەڕاستیدا پێچەوانەی ئەم مەسەلەیە ڕوویدا، ترس لە نازیزم و بێتوانایی لەڕووبەڕووبوونەوەیدا ئەو شتەی کە بەهۆی دادگاکانی مۆسکۆوە هاتبووە بوون، کۆمەکی بەترۆتسکی نەکرد، بەڵکو یارمەتی ستالینی دا.

بیرکردنەوەی بەڵگەمەندی ترۆتسکی لەو ڕۆژگارەدا بەهیچ شێوەیەک نەیدەتوانی ئارەزووە شکستخواردووەکانی کرێکاران تێربکات. لە هەر قەیرانێکی نوێدا ئەو شتەی لە هەموو شتێک زیاتر زەرورە بوونی پارتێکی شۆڕشگێڕیی جەماوەرییە کە بارودۆخی باڵادەست بۆ شۆڕشێکی سەرکەوتوو بگۆڕێت. بەڵام لەو ڕۆژگارەدا پارتێکی وەها بوونی نەبوو و زۆر کێشە بوو پارتێکی وەها بونیاد بنرێت. ئازار و بێتوانایی چینی کرێکار و ڕابەرانی، گۆڕا بۆ بێتواناییەکی زیاتری ڕابەرایەتیکردن و ئازارێکی گەورەتر و شکستێکی گەورەتر، کە لەلایەکەوە

لەبەرژەوەندیی ستالینیزم و لەلاکەی دیکەوە لەبەرژەوەندیی نازیزمدا تەواو بوو.

لە زنجیرەیەک شکستی بزووتنەوەی ترۆتسکیستیدا، مەسەلە مێژوویی و بایۆلۆژییەکانیش لەیەک جیانابنەوە. ترۆتسکی کە خۆی ڕابەری ملیۆنان کەس بوو لەنێوان ساڵانی 1917-1921، ببوو بە ڕابەری گروپگەلێکی زۆر بچووک. ئەو بەخوێنی خۆی بەهای شکستی بزووتنەوەکەی دا. ئەمە ڕاستە کە مێژووی ئێمە پڕە لەو گیانبەختکردووانەی لەڕێگای ئامانجەکانیانەوە ژیانیان بەخشیوە؛ لە 30000 گیانبەختکردووی کۆمۆنەی پاریسەوە بیگرە تا دەگاتە کەسایەتییەکانی وەک ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و کارڵ لیبکنیخت. بەڵام ترۆتسکی بەهایەکی زیاتری لەهەرکەسێکی دیکە دا؛ ئەوان تەنها یەکجار کوژران، بەڵام ترۆتسکی جارەهای جار کوژرا. لە چوار منداڵی، دووانیان لە کەمپەکانی ستالیندا کوژران، یەکێکی دیکە ناچار بوو لە بەرلین خۆی بکوژێت و ئەویدیکەشیان لە پاریس تیرۆرکرا. یەکەم هاوسەری ترۆتسکی دوورخرایەوە بۆ سیبریا و لەوێ مرد و سەرەنجام ترۆتسکی خۆشی بەهۆی تیرۆریزمی ستالینەوە کوژرا.

مێژوو ئەوە دەسەلمێنێت کە ئایدیا سەرەکییەکانی ترۆتسکی وەک بەرگریکردن لە ئەنتەرناسیۆنالیزم، بەرگریکردن لە دیموکراسیی کرێکاریی، دژایەتیکردنی هەرجۆرە

بیرۆکراسییەتێک و متمانە بە توانایی چینی کرێکار لە گەیشتنی بە ئازادیی، وەک گرنگترین میراتی [چینی کرێکار] دەمێنێتەوە. لێرەوە، داهاتوو دەبێتە داهاتووی ترۆتسکی و ترۆتسکیزم.

تێبینیی: تۆنی کلیف لە دەیەی حەفتادا ئەم وتارەی نووسیوە، شایانی باسە ئاخر برگەی ئەم نووسینە وەک پێشبینییەک لەلایەن مێژووەوە پشتڕاستکرایەوە، چونکە ئەوەی هەرەسی هێنا و کەوتە بەردەم نەفرەتی مێژوو، ستالینیزم بوو لەسەرتاسەری جیهان و ئەمڕۆ جیهان وەک نەفرەتێک سەیری دەکات و تەنانەت وەک یەکێکیش ڕێگاخۆشکەر بۆهاتنەسەرکاری هیتلەر دەیبینێت و کەچی لەبەرانبەردا، ترۆتسکی ئەمڕۆ گەورەترین ئومێدی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانییە و ئەمڕۆ لەدونیادا ئایدیاکانی لە گەنجەوە تا ئینسانی بەتەمەن، وەک شۆڕشی هیوا سەیر دەکرێن، لە دونیادا یەک ئینسان نابینیتەوە، بانگەشەی ستالینیزم بکات، بەڵام هەزاران بزووتنەوە، خۆیان بەترۆتسکیست، یان لانیکەم بە میراتبەری ترۆتسکی دەزانن.

**وەرگێڕ**

## ترۆتسکی: لە یاخیبوونەوە بۆ شۆڕش

لیۆن ترۆتسکی؛ لەدایکبووی 1879 لە ئیمپراتۆریی کاتیی ڕووسیا، وڵاتێک لەژێر حاکمییەتی قەیسەردا، پاشایەتییەک بە کۆنترۆڵی سیاسیی تەواوەوە. ڕووسیا وڵاتێکی دواکەوتوو بوو. زۆربەی خەڵکەکەی هێشتا وەک جوتیار لەسەر زەوی کاریان دەکرد. زۆرینەیان زەویی خۆیان نەبوو، لە ئەنجامدا دەبوو چەندین سەعات کار بکەن و قەرزە گەورەکانی خۆیان بدەنەوە دەستی خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکان.

تا کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەی دواتر، پیشەسازیی بەخێرایی ڕەوتی گەشەکردنی خۆی لە ڕووسیادا گرتەبەر. کارگە گەورەکان لە بنەڕەتدا بەتێچوونی کۆمپانیا دەرەکییەکان دەرکەوتن. زۆرێک لە خاوەنی کارگەکانیش دەرکەوتن – بەڵام تەنانەت ئەوانیش مافێکی سیاسیی کەمیان هەبوو: هەموو بڕیارەکان بەدەستی قەیسەر بوون. لەم میانەیەدا، ملیۆنان جووتیار بۆ گەیشتن بە پیشەیەکی سەقامگیر، ڕژانە ناو شارەکانەوە. وردە وردە چینی کرێکاری مۆدێرن دەرکەوت. ناچارکردن بەوەی سەعاتگەلێکی دوور و درێژ ئەوان لە هەلومەرجێکی ترسناک و بە کرێی کەم کاربکەن، کە بەشێوازێکی توندوتیژ ئەنجام دەدرا، بەخێرایی تووڕەیی لەناو

کرێکاراندا بەرز دەکردەوە. ئەوان مەحکومبوون بە ڕاپەڕین... و لە ساڵانی دواتریشدا، ئەم کارەیان کرد.

یەکەم ئەزموونی چالاکیی سیاسیی ترۆتسکی ئەو کاتە بوو کە ئەو لە قوتابخانە بوو. یەکێک لە مامۆستاکان بەردەوام بوو لەسەر قسەکردنە ڕەگەزپەرستی و ڕاسیستییەکانی و بەردەوام ڕەفتاری سوکایەتییئامێز و هەڕەشەئامێزی لەگەڵ جولەکەکان و کاتۆلیکەکاندا دەکرد. ترۆتسکی، وەک بەڕەچەڵەک جولەکەیەک کە هەڵبەت هیچ باوەڕێکی بەئایین نەبوو، نارەزایەتییەکی بەگەڕ خست. ئەو کارێکی کرد کە خوێندکاران بووەستنەوە و مامۆستاکە ڕاگرن. بەڵام زۆر زوو تێگەیشت کاردانەوەی ڕاستەوخۆ، گەلێک مەترسیی بەدواوەیە: ئەو لە قوتابخانە دەرکرا.

بەڵام ترۆتسکی تەسلیم نەبوو. وەک خوێندکار لە بزووتنەوەیەکدا بەشدارییکرد کە دەیویست چینی نوێی کرێکارانی پیشەسازیی ڕێکبخات. یەکێتیی کرێکارانی ڕووسیای باشوور، لە سەرەتادا سەرکەوتنێکی گەورە بوو – سەدان کرێکار بەدرێژایی چەند مانگی یەکەم پەیوەندییان پێوەکردن و دەستیانکرد بە مانگرتن دژی خاوەن کارگەکان. بەڵام بەزوویی پۆلیس ڕێکخەرانی دەستگیر کرد. ترۆتسکی گیرا.

هەر ئەم بابەتە بوو کە ترۆتسکی تێگەیشت پێویست بە لەناوبردنی کۆی سیستەمی خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکان لەگەڵ پارێزەرە پۆلیسییەکانیان دەکات. ترۆتسکی لە زینداندا دەستیکرد بە موتاڵەعەکردنی بیروباوەڕ و ئایدیا کۆمۆنیستییەکانی کارڵ مارکس، و بۆ هەموو ژیانی، وەک ڕێنمایی و ڕێنیشاندەری بیروباوەڕەکانی و هەنگاوەکانی خۆی بەکاریهێنا.

## دوورخستنەوە

ترۆتسکی کە بەتەنهایی لە دوورخرانەوەدا لە سیبریا دەژیا، بەرەو خۆرئاوا ڕایکرد. پەیوەندیی بە مارکسیستە ڕووسەکانەوە لە مەنفادا کرد کە سەرقاڵی ڕێکخستنی پارتێکی سیاسیی نوێی چینی کرێکار بوون، واتا: پارتی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیا. لە لەندەن پەیوەندیی بە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکەی لینینەوە "ئایسکرا" کرد کە خوازیاری دەرچوون لە خەباتەکانی کرێکاران لە خەبات بۆ هەلومەرجی کاری باشتر بەرەو لەناوبردنی شۆڕشگێڕیی خودی قەیسەر بوو.
ترۆتسکی لە کۆنگرەی کۆنگرەی دووەمی حزب لە ساڵی 1903 بەشداربوو. ئەو پشتیوانیی لەو ئەرگومێنتە کرد کە دەڵێت حزب دەبێت خەبات بۆ شۆڕش و نەک باشترکردنی هەلومەرجەکە و

کرێ بکات. وەک جولەکەیەکیش دژی کەمپینی "باوندیستەکان" بوو؛ ئەو "باوندیست"انەی دەیانویست گرووپێکی تایبەتی ناو حزب ئەنجوومەنێکی تەواو سەربەخۆ بێت کە لەنێوان کرێکارانی جولەکەدا پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنیان دەکرد؛ ترۆتسکی بەپێچەوانەوە بەرگریی لەیەکێتیی لەناوەوەی حزبێکدا کرد.

کاتێک حزب لەنێوان بەرەی زۆرینە (بەلشەڤیکەکان) کە داوای گرووپێکی یەکگرتوو و ڕێکیان دەکرد و بەرەی کەمینە (مەنشەڤیکەکان)دا دابەش بوو کە بەرگرییان لە پارتێکی نەرمتر و بێ کۆت و بەندتر دەکرد، ترۆتسکی چووە بەرەی مەنشەڤیکەکانەوە. ئەو شتەی دواتر خۆی پێیگوت یەکێک لە هەڵە گەورەکانی.

بەزوویی پەیوەندیی خۆی بە مەنشەڤیکەکانیشەوە پچڕاند. بەباوەڕی مەنشەڤیکەکان، لە شۆڕشی داهاتوودا دژی قەیسەر، دەبێت چینی کرێکار ڕێگا بدات چینی سەرمایەدار ڕابەرایەتیی بەدەستەوە بگرێت و ڕووسیا بەرەو وڵاتێکی سەرمایەداریی مۆدێرن ببات. لینین، وەک ڕێبەری بەلشەڤیکەکان، پێیوابوو سەرمایەداران جێگای متمانە نین و دەبێت چینی کرێکار سەیری هێزی خۆی بکات و لەگەڵ ملیۆنان جووتیاردا یەکێتیی خەباتگێڕیی پێکبهێنێت و ڕابەرایەتیی شۆڕش بکات.

**تەمرینی کۆتایی**

ترۆتسکی هەنگاوێک زیاتر ڕۆیشت. ئەو پەرەی بە "تیۆریی شۆڕشی بەردەوام" دا. وەک لینین، ئەو پێیوابوو چینی سەرمایەداری ڕووسیا لەڕادەبەدەر لاوازە بۆ لەناوبردنی قەیسەر. کرێکارانی پیشەسازیی ناچار دەبن ڕابەرایەتیی جووتیاران بکەن و خۆیان کارەکە ئەنجام بدەن. بەڵام ئایدیاکەی ترۆتسکی ئەوە بوو کە کرێکاران بە هەنگاونان بۆ شۆڕش، دەبنە هێزێکی ڕابەری کۆی ڕووسیا و ناچار دەبن حکومەتی خۆیان پێکبهێنن. لەئەنجامدا چیتر مەسەلەی وەستان لە قۆناغی سەرمایەداریدا بوونی نابێت. دەبێت حکومەتی کرێکاریی بەرەو هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی سەرمایەداران و دەستپێک و سەرەتای بونیادنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستیی بچێتە پێشەوە.

لەو دەمەدا هیچ یەکێک لە سۆسیالیستە دیارەکانی ڕووسیا گومانی ئەوەیان نەدەکرد شتێکی وەها مومکین بێت. بەڵام ڕووداوەکانی دواتر دەریخت ترۆتسکی و تیۆریی شۆڕشی بەردەوام لەسەرحەق بوون.

ڕووسیا لە ساڵی 1905دا لەناکاو ڕۆچووە نێو شۆڕشەوە. سەربازان بەدەوری ڕێپێوانێکی جەماوەریدا ئاگریان کردەوە کە دەیانویست تۆماری نارەزایەتیی بگەیەننە قەیسەر و سەدان کەسیان لێکوژرا. ئەم کوشتارە – یەکشەممەی ڕەش –

تیشکەکانی مانگرتنێکی گشتیی ڕۆشن کردەوە، بەجۆرێک کرێکاران لە سەرتاسەری ڕووسیادا ئامرازەکانی کارکردنیان خستە سەر زەوییەکە.

کرێکاران گەلێک ڕێکخراوی تازەیان بۆ بردنە پێشەوەی خەبات بەگەڕخست. ئەم شورا نوێنەرایەتییە هەڵبژێردراوانە – واتا "سۆڤێت"ـەکان – جۆرێکی نوێ و دیموکراتیتر بوون لەو ڕێکخراوانەی کە هەرگیز لە ڕابردوودا نەبینراوە. کرێکاران لە هەر کارگەیەک، فەرمانگە و ناحیەیەکدا نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژارد کە لە هەر کاتێکدا بەئاسانی دەکرا لاببرێن و هی دیکە هەڵببژێردرێن.

ترۆتسکی وەک نوێنەری سەرەکیی شورای پیترزبۆرگ، پایتەختی ڕووسیا، هەڵبژێردرا. ترۆتسکی، دەستیکرد بە ڕاگەیاندنی داواکاریی ڕۆژی کاری کورتتر، هەڵبژاردنی پەرلەمانیی و ئازادیی. دەیزانی بەدیهاتنی ئەم داواکارییانە، خەباتێکی قورسی دەوێت. ئەو بانگی شورای کرد بۆ ڕێکخستنی ڕاپەڕینێکی چەکدارانە لەپێناوی لەناوبردنی قەیسەر.

ئەگەرچی شۆڕشی 1905 شکستی هێنا، بەڵام ئەمە کۆتایی حیکایەتەکە نەبوو. بەڵکو تەمرینێکی کۆتایی گرنگ بوو بۆ ڕووداوە گەورەترەکانی داهاتوو.

## جەنگی یەکەمی جیهان

لە ئابی 1914، حاکمییەتی سەرمایەداریی ئەوروپا، ملیۆنان کەسی لە گەنجان بۆ گیان بەختکردن لە بەرەکانی خەباتی جەنگی یەکەمی جیهان نارد. هەندێک لە "سۆسیالیست"ـەکانی وەک پارتی کاری بریتانی و مەنشەڤیکەکانی ڕووسیا، بڕیاری پشتیوانیکردنیان لە "وڵاتی خۆیان" دا. ئەوانیدیکەی وەک بەلشەڤیکەکان دەیانبینی کە جەنگ بڕیارە کۆنترۆڵی بەشی گەورەی سامانی جیهان، سەرچاوە سروشتییەکان و بازاڕەکان بخاتە دەستی ملیۆنەرەکانەوە. ئەوان دەستیانکرد بەدژایەتیکردنی جەنگ و هەرگیز نەچوونە بەرەی پاشایان، سەرۆککۆمارەکان و ژەنەڕاڵەکانەوە.

ترۆتسکی دژایەتیی جەنگی کرد و هێرشی کردە سەر ئەو کەسانەی پشتیوانیان لە جەنگ دەکرد و وەک خائینانی چینی کرێکار ناوزەدی کردن. تەنانەت ئەو کاتەی ژمارەی ئەو کەسانەی دژی جەنگ بوون لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕی، ئەو لە هەڵوێستی خۆیدا بە پایەداری و سەختگیرییەوە مایەوە. ئەم ئازایەتییە، دەرەنجامی بەداووە بوو. بەدرێژبوونەوەی جەنگ، ملیۆنان کرێکار و جوتیار، هەژارتر و هەژارتر و شەکەت بوون. لەکۆتاییدا، ئەوان خۆیان لە

وەستانەوەیاندا دژی هەڵگیرسێنەرانی جەنگ، کۆتاییان بەجەنگ هێنا.

## شۆڕش

کرێکارانی ڕووسیا ئەو کەسانە بوون کە ڕاپەڕین. لە شوباتی 1917، چەندین مانگرتن و یاخیبوون و ڕاپەڕینیان لە سان پیترزبۆرگ (کە پێشتر ناوەکەی گۆڕابوو بۆ "پیترۆگراد") و بەخێرایی دەستیان بۆ یاخیبوونێک برد کە قەیسەری ناچارکرد دەستلەکار بکێشێتەوە. شوراکان لەهەموو ڕووسیادا پەیدابوون. حکومەتێکی نوێ هاتەسەرکار کە فراکسیۆنێک بوو لە وەزیرەکانی سەرمایەداریی و نوێنەرانی پارتەکانی دیکە، وەک مەنشەڤیکەکان. ئەوان لەفز و دەستەواژە شۆڕشگێڕییەکانیان بەکاردەهێنا، کەچی خۆیان بەدووردەگرت لە هێنانەدەرەوەی ڕووسیا لە جەنگی زلهێزەکان، پێدانی زەوی بەو جووتیارانەی بەهۆی برسێتییەوە لەسەرەمەرگدا بوون و سپاردنی ئیدارەی کارگەکان بەخودی کرێکاران.

ترۆتسکی ئێستا دەیتوانی تیۆریی "شۆڕشی بەردەوام"ی خۆی لە پراکتیکدا تاقیبکاتەوە. ئەو دەستیکرد بەدژایەتیکردنی حکومەتی نوێ و ڕایگەیاند دەبێت شوراکانی کرێکاران خۆیان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و حکومەتێکی کرێکاریی دابمەزرێنن.

لینینیش قسەیەکی وەهای کرد و ترۆتسکی هەموو بەلشەڤیکەکانی بە قبوڵکردنی دروشمی "هەموو دەسەڵات بۆ شوراکان" ڕازی کرد. ترۆتسکی ئێستا تێدەگەیشت بەلشەڤیکەکان تەنها پارتی شۆڕشگێڕن لە ڕووسیا و پەیوەندیی بەوانەوە کرد. تا ئۆکتۆبەری 1917 ئەو جارێکی دیکە گەیشتبوو بە پێگەیەکی بەرجەستە و کاریگەرتر لە شورادا و هاوشانی بەلشەڤیکەکان ئەوانی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ڕازی کرد.

لە شەوی 24ی ئۆکتۆبەردا، کرێکارانی چەکدار و سەربازانی وەفاداری شورا، بەرەو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی هەموو ناوچە سەرەکییەکانی شارەکانی سەرتاسەری ڕووسیا جوڵەیان کرد. لە پیترۆگراد، جەماوەری چینی کرێکار بەجۆرێک ئامادەی شۆڕش بوون کە بەدەگمەن بەرهەڵستییەکیان لەبەرانبەر خۆیاندا دەبینییەوە. حکومەتێکی تازەی شورایی دامەزرا. یەکەم شۆڕشی کرێکاریی سەرکەوتووی جیهان، ڕوویدابوو.

## ئەنتەرناسیۆنال

ڕووسیای سۆڤێت لەسەروبەندی دامەزراندنی یەکەم هەوڵدا بوو بۆ سیستەمی سۆسیالیستیی. بەڵام ترۆتسکی و لینین لەوە تێدەگەیشتن سەرکەوتنەکانیان، زیاتر لە هەرشتێک، بە شتێکەوە

بەستراوەتەوە: شۆڕشە سۆسیالیستەکانی وڵاتانی دیکە. ئێمە لەئابوورییەکی نێونەتەوەییدا دەژین. هەروەکچۆن ترۆتسکی بەخێراییەکی تەواوەوە ڕوونی کردەوە، بەبێ فراوانبوونی شۆڕش، کۆماری کرێکاران لە ڕووسیا گۆشەگیر دەبێت و دواجار بەرەو شکست دەڕوات.
کەوتنی یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی 1991، بەڕواڵەت پێدەچوو ناکارایی سۆسیالیزم بسەلمێنێت. ئەو کەمینە بێ ئەهمییەتەی مۆڵتی ملیاردێرەکان کە دونیا هەڵدەسوڕێنن، لە هەوڵ و تەقەلادا بوون کە "وانەیەک" بە لاوان و کرێکاران بدەن: هیچ ئەڵتەرناتیڤ و بەدیلێک لە بەرانبەر نایەکسانیی، هەژاریی و پشێویی بازاڕ بوونی نییە و سەرمایەداریی جیهانیی، تەنها سیستەمێکە کاردەکات. داوامان لێدەکەن باوەڕ بکەین هەرجۆرە هەوڵێک بۆ ڕزگاربوون لە خراپەی سەرمایەداریی، دەبێتە هۆی ستەمکاریی، ڕیزە درێژەکانی نان و کەوتنی کۆتایی... ڕێک وەک ڕووسیا.
بەڵام ئەو سیستەمەی لە ڕووسیای سۆڤێتیی لە ساڵی 1991 کەوت، سۆسیالیستیی نەبوو. وێڕای هەموو ئاڵا سوورەکان، ئەستێرە سوورەکان و پەیکەرەکانی لینین، ئەم سیستەمە هەزاران میل لە سۆسیالیزمەوە دووربوو. تا ساڵی 1991، حاکمانی یەکێتیی سۆڤێت هەموو پرەنسیپەکانی شۆڕشی

سۆسیالیستییان بە ڕابەرایەتیی لینین و ترۆتسکی لە ساڵی 1917دا پێشێل کردبوو.

**یەکێتیی سۆڤێت سۆسیالیستیی نەبوو، بەڵکو ستالینیستیی بوو**

جیاوازییەکە چییە؟ زۆر قورسە بزانین کە دەبێت لەکوێوە دەستپێبکەین.

لە ساڵی 1917، ئیمتیازاتی دەوڵەمەندەکان ڕەتکرایەوە و تەرخانکرا بۆ ڕەتکردنەوەی درز و جیاکاریی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران. بەڵام لەژێر سایەی ستالینیزمدا، حاکمانی ڕووسیا بڕێکی گەورە و پارویەکی چەوریان بۆخۆیان گلدابووەو و بەراورد بەهەموو دانیشتووان، لە خۆشگوزەرانیی و ئارایشتدا دەژیان.

لە ساڵی 1917، یەکەی نیشتەجێبوون دابەشکرا وماڵی دووەمی دەوڵەمەندان دەستی بەسەردا گیران و بە بێ لانە و هەژارەکان درا. تا ساڵی 1991، حاکمانی ڕووسیا ڕازاوەترین باڵەخانەیان لە مۆسکۆ و جوانترین ڤێلایان لە دەریای ڕەشدا هەبوو.

لە ساڵی 1917، یەکسانیی یاسایی کامڵ بە ژنان درا. لەباربردن، مەنع (ڕێگریکردن لەدووگیانبوون) و تەڵاق (جیابوونەوە) بەیاسایی کران. تا ساڵی 1991، حاکمییەتی

ڕووسیا ئەم هێڵەیان گرتە بەر کە وەزیفەی ژن بریتییە لە دایکایەتیی و جارێکی دیکە لەباربردن قەدەغە کرایەوە.
لە ساڵی 1917، هۆمۆسێکسوالیتە بەیاسایی کرا. تا ساڵی 1991، دیسان یاساغ کرایەوە.
لە ساڵی 1917، هەموو نەتەوەکانی ژێر چەتری حاکمییەتی ڕووسیا، مافی چارەی خۆنووسینی داهاتوو و جیابوونەوەیان لە ڕووسیا بەگوێرەی دەنگدانی خەڵک هەبوو، کەچی تا ساڵی 1991، هەموو نەتەوەکانی ناو یەکێتیی سۆڤێت دژی ئارەزووی خۆیان دەبوو لەناو ئەم چوارچێوەیەدا بمێننەوە و ڕووسەکان بەرانبەر بە نەتەوەکانی دیکە، لەسەرتر و خاوەن ئیمتیازی گەورەتر بوون.

## دەسەڵاتی کرێکاریی

لەهەمووی گرنگتر، لە ساڵی 1917، چینی کرێکار لەڕێگای شوراکانی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران، جووتیاران و سەربازان ("سۆڤێت"ەکان) دەسەڵاتی کۆمەڵگایان بەدەستەوە گرت. ئەندامانی پارتی بەلشەڤیک خاوەن مافی تەواوبوون لە باس و مشتومڕ لەسەر دیدگا جیاوازەکانی خۆیان و دەنگی ئازاد بۆ بڕیاردانی سیاسیی. تا ساڵی 1991 [و بەدواوە]، دیموکراسیی هەرگیز بۆ چینی کرێکار بوونی نەبوو. ئەندامانی

حزب (ئێستا ناوی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێته) هەرگیز مافیان بۆ ناکۆکبوون لەگەڵ هێڵی ڕابەرانی سەرەوەدا نەبوو.

چەندین هەنگاو بۆ دواوە نران؛ هەنگاوگەلێک بەرەو دوورکەوتنەوە لە سۆسیالیزم؛ چینی کرێکار بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیی، پێویستیی بەوە دەبێت دەسەڵات لەڕێگای شورا کرێکارییەکانەوە بەدەستەوە بگرێت و پاشان دەستبکات بە ڕەتکردنەوەی جیاکارییە چینایەتییەکان. بۆ کارێکی وەهاش، بوونی باڵاترین دیموکراسیی کرێکاریی، کارێکی زەروریی و گرنگە. کرێکاران خۆیان پێویستییان بە بەرنامەدانانی ئابووریی دەبێت. دەبێت زاڵببن بەسەر هەموو درزە ڕەگەزیی، سێکسوالیی یان ئەتنیکییەکانی ناو چینی کرێکاران.

ئەم پرۆسەیەی گۆڕانی کۆمەڵگا بەرەو سۆسیالیزم، دوای شۆڕشی 1917 مومکین بوو. بەڵام لە دەیەی 1920 و 1930، ستالینیزم کۆی پرۆسەکەی ئاوەژوو کردەوە.

ئەوەی سەرمایەداران هەرگیز دەربارەی مێژووی یەکێتیی سۆڤێت بەئێمەی ناڵێن، ئەمەیە کە زۆرێک لە بەلشەڤیکەکان دژی ئەم پرۆسەیەی ئاوەژووکردنەوە و خیانەت لە شۆڕش وەستانەوە و خەباتیان کرد. ئەوان هەرگیز پێمان ناڵێن

ئەڵتەرناتیڤێک هەم لە بەرانبەر سەرمایەداریی و هەم لەبەرانبەر ستالینیزمدا بوونی هەبوو.

بەم هۆیەوەیە شۆڕشگێڕانی ئەمڕۆش هەروەها بیردەکەنەوە کە مێژووی ڕووسیا گرنگی هەیە. ئەمە شۆڕشێکی کرێکاریی بوو و بەم هۆیەوە بەشێکە لە مێژووی ئێمە. ئەمڕۆش خەباتی نێوان ترۆتسکیزم و ستالینیزم، زۆر گرنگە، چونکە پڕە لە وانەگەلێک بۆ داهاتووی ئێمە و ئەو شۆڕشەی کرێکاران و لاوانی جیهان دەیانەوێت لە سەدەی بیست و یەکدا بەرپای بکەن.

## سەرهەڵدانی ستالینیزم

ڕووسیای پێش شۆڕش، وڵاتێکی دواکەوتوو بوو. چینی کرێکار و پارتی بەلشەڤیک دەیانزانی وەزیفەی گەورەی بەمۆدێرنکردنی وڵات، دامەزراندنی هێڵەکانی هێز و پیشەسازییە قورسەکان و فێرکردنی ملیۆنان جووتیاری نەخوێندەوار، کەوتۆتە سەرشانی ئەوان. بەڵام هەرگیز لێنەگەڕان ئەوان لەئاشتیدا بن تا ئەم وەزیفەیە ئەنجام بدەن.

14 وڵاتی سەرمایەداریی لەهەوڵدا بۆ لەناوبردنی کۆماری کرێکاران، هێرشیانکردە سەر ڕووسیا و لە ڕیزی "سوپای سپی"دا، وەستان، واتا هێزی وەفاداری خاوەن موڵکەکان و بنەماڵەی پاشایەتیی پێشوو. لە ساڵی 1921، بەڕابەرایەتیی

ترۆتسکی، سوپای سوری کرێکاران و جووتیاران لە جەنگی ناوخۆییدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

بەڵام شۆڕشی ڕووسیا لەبەردەم هەرەس و شکستدا بوو، دواجار نەک بەهۆی دوژمنانی لە دەرەوە، بەڵکو بەهۆی مەرگبارترین دوژمنی ناوەکییەوە.

ژۆزێف ستالین بەتاقی تەنها بەرپرسی داڕمان و داڕزانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەبوو. ئەو شۆڕشەی پشتیوانیی ملیۆنان کرێکاری هەبوو، ناکرێت بە هەنگاوەکانی تاکە کەسێک لەناو بچێت. ستالین گەیشتە دەسەڵات، چونکە نوێنەری هێزێکی ڕوولەگەشەی ناو دەوڵەتی سۆڤێت بوو: بیرۆکراسی.

لینین، ترۆتسکی و بەلشەڤیکەکان هەمیشە لەوە تێدەگەیشتن کە سۆسیالیزم مەحاڵە لەیەک وڵاتدا بونیادبنرێت، چ بگات بە وەڵاتێکی دواکەوتووی وەک ڕووسیا. سەرمایەداریی، سیستەمێکی جیهانییە. سۆسیالیزم تەنها وەختێک سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر بتوانێت ستانداردی ژیانی بەرزتر و ئابوورییەکی بەهێزتر لە سەرمایەداریی جیهانیی بەدیاری بهێنێت.

شۆڕشی ڕووسیا، ئاگری خەباتەکانی چینی کرێکاریی هەموو جیهانی خۆشکرد. لە ئەورووپا، گەلێک شۆڕشی گەورە بەرپابوون. شوراکانی هاوشێوەی "سۆڤێت"ـەکانی ڕووسیا لە هەنگاریا و ئەڵمانیا دروستکران. کرێکارانی ئیتاڵیا لەمیانەی دوو

ساڵی خەباتی شکۆمەنددا دەستیان بەسەر کارگەکانی خۆیاندا گرت. بەڵام ئەم دەرفەتانە یەک لەدوای یەک هەرەسیان هێنا، چونکە هیچ پارتێکی بەهێزی کرێکاریی وەک بەلشەڤیکەکان، ڕێکخراو و ئامادەی گرتنە دەستی دەسەڵات، بوونی نەبوو.

یەکێتیی سۆڤێت تەنها و گۆشەگیر بوو. دەبوو گەلێک سازش لەگەڵ جووتیارانی دەوڵەمەنددا بکات بۆ ئەوەی خۆراک بۆ شارەکان بنێردرێت. توێژێکی جامباز و بەرپرسە ئیدارییەکان دەرکەوتن ژیانێکی بەڕادەیەک خۆشگوزەرانیان لەدۆخی باڵادەستدا بۆخۆیان دروستکرد. ئەوان قەرزباری دەوڵەتی سۆڤێت بوون بۆ پێگە و پۆستە هەنوکەییەکەیان، هەر لەبەر ئەوەش بوو داوای گەڕانەوەی سەرمایەدارییان نەدەکرد. بەڵام لە هەمانکاتدا، پێویستبوون بەم کەسانە، تەنها بەو هۆیەوە بوو کە ڕووسیا گۆشەگیر ببوو. ئەوان ترسان لە ئەگەری شۆڕش لە دەرەوە کە دەیتوانی گۆشەگیریی و تەنهایی ڕووسیا بشکێنێت. بەتایبەت ئەوان لەخودی چینی کرێکار دەترسان. لە ئەنجامدا دەستیانکرد بە سەرکوتی مشتومڕ، گفتوگۆ و دیموکراسی، چ لەناوەوەی شوراکان و چ لە ناوەوەی پارتی کۆمۆنیستدا.

ستالین سکرتێری گشتیی حزب بوو. ئەو زیاتر و ڕوونتر لە هەر کەسێک بەرژەوەندییەکانی توێژی بیرۆکراتی دەخستەڕوو و وەڵامی دەدایەوە. لینین لە وەسێتنامەکەی خۆیدا کە دوای مردنی

بڵاوبووەوە، دەڵێت ستالین دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەیە و دەبێت لە دەسەڵات دابماڵرێت.

دوای مردنی لینین، ستالین بە "تیۆری"یەکەوە هات کە هێرش بوو دژی هەموو ئەو شتەی بەلشەڤیکەکان بەرگرییان لێدەکرد. ئەو بانگەشەی ئەوەی کرد ڕووسیا دەتوانێت خودی خۆی سۆسیالیزم بونیادبنێت. "سۆسیالیزم لەیەک وڵات" بەو مانایە بوو شۆڕشی جیهانیی، تا ئەو شوێنەی بیرۆکراسی مەبەستی بوو، چیتر زەروورەتی نەماوە. لەجیاتی شۆڕشی جیهانی، ستالینیستەکان داوای پێکەوەژیانی ئاشتییئامێزیان لەگەڵ سەرمایەداریی لە دەرەوەدا کرد.

هەرکاتێک ستالینیستەکان دەستیان بە مامەڵە لەگەڵ یەکێک لە دەسەڵاتەکانی سەرمایەداریی کردبێت، ستالین فشاری دەخستە سەر کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی دەرەوە کە هیچ کارێک بۆ نائومێدکردنی ئەم هاوپەیمانە تازەیەی ئەوان نەکەن. لە دەیەی 1930، ئەمە بەو مانایە بوو ستالینیستەکان دژی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن چینی کرێکارەوە لە وڵاتانی وەک فەڕەنسا و ئیسپانیا هەڵوێستیان وەرگرتووە و بڕیاریان داوە. بەپێچەوانەوە بڕیاربوو شۆڕشەکان بۆ ئامانجی دیموکراسی نەک سۆسیالیزم کورت بکرێنەوە.

## ترۆتسکی ڕووبەڕوو دەبێتەوە

لە ساڵی 1923، ترۆتسکی دەستیکرد بە جەنگێکی سیاسی دژی ستالین و هەموو ئەو شتانەی ستالین نوێنەرایەتیی دەکردن. ترۆتسکی داوای گەڕانەوەی دیموکراسیی کرێکاریی ڕاستەقینەی ناوەوەی حزب و هەموو ئۆرگانەکانی ژیانی دەکرد. ئەو خوازیاری بەرنامەیەکی دیموکراتیی بوو بۆ بەڕێوەبردنی ئابووریی بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار نەک بیرۆکراتەکان. گرنگتر لەهەمووی، ئەو تیۆریی سۆسیالیزم لە یەک وڵاتی ڕەتکردەوە و پشتیوانیی لەخەبات بۆ شۆڕشی جیهانیی کرد.

ترۆتسکیستەکان بە کەمپینێکی پڕ لە تۆقاندن و ئازار و ئەشکەنجەدان شکستیان پێهێنرا. ئەوان قەدەغە کران، لە کەمپەکانی کاری زۆرەملێ قایمکران، دوورخرانەوە، تیرۆرکران. لەمیانەی زنجیرەیەک پاکتاوکردن و "دادگاییە نمایشییەکان"دا ترۆتسکیستەکان بەهەموو شتێک تۆمەتبار کران، لە خزمەتگوزارانی هیتلەرەوە بیگرە تادەگاتە تێکدان و ئاژاوەنانەوە لەناو پیشەسازییەکاندا. هەموو کێشەیەک لە ڕووسیا، هەموو شکستێکی ڕژێم، دەخرایە گەردنی ترۆتسکیستەکانەوە. ستالین تەنانەت پڕوپاگەندەیەکی دژەجولەکایەتیی قێزەونیشی بەگەڕخست، چونکە ترۆتسکی و هەندێکی دیکەی ڕابەرانی

ئۆپۆزیسیۆن خاوەن باگراوندی جولەکە بوون. هەزاران کەس لە سیبریا یان بەهۆی گوللە لەپشتەوە گیانیان بەختکرد.

کوڕەکەی ترۆتسکی، "سێرگی"، وەک ئەندازیارێکی سۆڤێت کە هیچ مەیلێکی سیاسیی نەبوو، تۆمەتبارکرا بە ڕووداوێکی عەمدی و بەمەبەست لەسەر کار لابرا و پاشان بەبێ هیچ جۆرە هەڵگرتنەوەیەکی شوێنپێ، بزرکرا. کوڕەکەی دیکەی ترۆتسکی، "لیۆن سیدۆڤ"، وەک شۆڕشگێڕێکی چالاک لە فەڕەنسا، لەلایەن بەکرێگیراوێکی سۆڤێتەوە تیرۆرکرا.

ترۆتسکی خۆی لە ڕووسیا دەرکرا؛ حکومەتە سەرمایەدارییەکان کە زیاتر لە ترۆتسکی دەترسان نەک ستالین، ئەویان ناچار دەکرد لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە هەڵبێت. لایەنگرانی ترۆتسکی یەک لەدوای یەک بەدەستی پۆلیسی نهێنیی ستالین تیرۆر دەکران. دواجار خودی ترۆتسکیش لە مەکسیک، لەساڵی 1940 تیرۆرکرا.

لە سەرەتادا ترۆتسکی پێیوابوو نەخۆشیی ستالینیستیی دەکرێت بە کۆمەڵێک ڕیفۆرم لە یەکێتیی سۆڤێتدا چارەسەر بکرێت. لە ناوەڕاستی دەیەی 1930، تێگەیشت شۆڕش تەنها ڕێگای لەناوبردنی دیکتاتۆرێکی گەندەڵی دژەچینی کرێکاری وەک ڕژێمی ستالینە. هاوزەمان ترۆتسکی پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە هێشتا سەرمایەداریی لەڕووسیا نەگەڕاوەتەوە. دوای

نەمانی ستالینیستەکان، کرێکاران پێویستیان بە پاراستنی بەرنامەی دەوڵەت و پیشەسازییەکانی سەر بە دەوڵەت دەبێت، بەڵام دەبێت ئەوانە بخرێنە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی چینی کرێکارەوە بۆ ئەوەی دووبارە لەسەر ڕەوت و ڕێگای سۆسیالیزمدا بەگەڕبخرێنەوە.

بۆ ترۆتسکی، یەکێتیی سۆڤێت نە سەرمایەداریی بوو نە سۆسیالیستیی، بەڵکو دەوڵەتێکی لێکهەڵوەشاوەی کرێکاریی بوو کە لەلایەن بیرۆکراتەکانەوە بەڕێوەدەبرا. ئەو شیکردنەوەی بۆ ئەوە کرد کە دەکرێت یەکێتیی سۆڤێت بە دەوڵەتێکی کرێکاریی ناوببرێت، "بەڕادەیەک هەر بەو جۆرە کە... یەکێتییەکی کرێکاریی، لەژێر ڕابەرایەتیی و خیانەتی ئۆپۆرتۆنیستەکان، واتا خزمەتکارانی سەرمایە، دەکرێت وەک سەندیکایەکی کرێکاریی بانگبکرێن". هێشتا دەبوو لەکاتی هێرشی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانەوە بەرگریی لە یەکێتیی سۆڤێت بکرێت، وەک ئەو کاتەی ئەڵمانیای نازی لە ساڵی 1941 هێرشی کردە سەر ڕووسیا. بەڵام بەهیچ جۆرێک نابێت پشتیوانیی لە ستالین یان باندەکەی ئەو بکرێت. ترۆتسکی پێیوابوو بەو جۆرەی چینی کرێکار بیرۆکراتە ستالینیستییەکان نەهێڵێت و دووبارە دەسەڵات بۆ شورا دیموکراتییە کرێکارییەکان بگەڕێنێتەوە، ئەوا سەرەنجام

بیرۆکراتەکان خۆیان ڕووسیا بۆ ناو دڵی سەرمایەداریی دەگەڕێننەوە.

ئەو تەواو لەسەرحەق بوو! دوای ساڵی 1991، ئەمە بەرپرسانی ستالینیستی ڕابردوو بوون کە لە سەرەوەی هێرش بەرەو گۆڕان بۆ مۆڵتی ملیاردێری سەرمایەداریی وەستابوون؛ سیستەمی بازاڕ و قازانج بەشێوەیەکی بەردەوام لە سەرتاسەری ڕووسیا و ئەوروپای خۆرهەڵاتیی سەرلەنوێ سەقامگیرکرایەوە و بێکاریی بەرفراوان، تاوان، قەیران و گەندەڵیی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

زۆرێک دەڵێن لەخەباتدا دژی ستالین، ترۆتسکی دۆڕا. هەندێکی دیکە دەڵێن بێگومان ترۆتسکی هەڵەی کردووە، ئەگەر ڕاستی گوتبێت دەبوو بتوانێت لەخەباتدا سەرکەوتوو بێت! دەبێت ئەم کەسانە بە وردیی بیربکەنەوە. ئەگەر دۆڕان لەخەباتێکدا خۆبەخۆ بەمانای هەڵەی ئێوە بێت، کەواتە دەبێت لەلای هەندێک لە خراپترین دیکتاتۆرەکان و ستەمکارترین کەسەکانی مێژوو بەدوای عەدالەتدا بگەڕێین.

بەڵام ڕەخنەگرانی ترۆتسکی لەلایەکەوە و تەنانەت گرنگتریش، هەڵەدەکەن. ئەمە سۆسیالیزم نەبوو کە لە 1991 کەوت. ئەمە ستالینیزم بوو. بۆیە کاتێک ملیۆنان کەسی لاو بەدرێژایی ساڵانی بەردەمیان دەرکی جەوهەری سیستەمی سەرمایەداریی بکەن،

ئەوا ئەوان نەک بەرەو ئایدیا شکستخواردووەکان، بەڵکو بەرەو ئایدیا ڕاستەقینەکانی بەلشەڤیزم، واتا بەرەو ئەو ئایدیایانە دەڕۆن کە ترۆتسکی خەباتی لەپێناودا کرد و گیانیشی بەخشی؛ واتا: دیموکراسیی کرێکاریی، یەکسانی و شۆڕشی جیهانیی.

# لینین، ترۆتسکی و ئەنتەرناسیۆنالیزم

**پۆڵ داماتۆ**

کاتێک شۆڕشی ڕووسیای ساڵی 1917 سەرکەوت، ئەوە بۆ لینین و ترۆتسکی و ئەوانیدیکەش ڕوون بوو کە هەلومەرجی ئابووریی بۆ سۆسیالیزم لە ئاستی "جیهانی"دا ئامادەیە، بەڵام ڕووسیەی تەریک و گۆشەگیر ڕەنگە نەتوانێت وەک دەوڵەتێکی کرێکاریی زیندوو بمێنێتەوە. لینین دەنووسێت "ئێمە هەمیشە بەختی خۆمان خستە نێو قوماری شۆڕشی جیهانییەوە… بەئەنجامگەیاندنی کارێکی وەک شۆڕشی سۆسیالیستیی لە یەک وڵاتدا، کارێکی مەحاڵە" .

کاتێک بیرۆکراسیی ستالینیستیی سەرەتاکانی دەیەی 1920 سەریهەڵدا، ترۆتسکیی کە لە ڕێکخەرانی سەرەکیی ڕاپەڕینی 1917 بوو، بوو بە پاڵەوانێکی گەورەی خەبات دژی ستالین. لینین پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات لە ساڵی 1924دا، دەستیکردبوو بە تەحەداکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بیرکۆراسییەتە: بۆ نموونە پێشنیاریی لابردنی ستالینی لە سکرتێریی گشتیی حزب کردبوو کە کۆمیتەی ناوەندیی دوای مەرگی لینین، ئەم وەسێت و پێشنیارەی شاردەوە .

ترۆتسکیی وەک "یەکەم قۆناغی گەڕانەوەی بۆرژوازیی"، ڕژێمی ستالین مەحکوم دەکات. ئەو بە گەڕانەوە بۆ مارکس دەڵێت دامەزراندنی "سۆسیالیزم لەیەک وڵات" لە بنەڕەتدا هەموو شتێکە دامەزراندنی سۆسیالیزم نەبێت؛ هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لە بارودۆخی دەگمەنیدا، تەنها دەبێتە هۆی زیندووبوونەوەی پەیوەندییە نایەکسانییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان لەڕووسیادا.

ترۆتسکی بانگەواز بۆ لەناوبردنی بیرۆکراسییەتی نوێ دەکات: شۆڕشی سیاسیی. نازناوێکی تازە سەریهەڵدا: "ترۆتسکیست". چەندین پڕوپاگەندەی دەوڵەتیی بەڕێوە دەبرێت بۆ ئەوەی "بسەلمێنرێت" کە ترۆتسکی درەنگ هاتۆتە ناو حزبی بەلشەڤیکەوە و لە سەرەتاوە تاکۆتایی لەڕاستیدا چالاکیی بۆ لاوازکردنی شۆڕش کردووە.

ترۆتسکی ڕابەرێکی گونجاو بوو بۆ ئۆپۆزیسیۆنی نوێی چەپ لە ڕووسیا. تیۆریی "شۆڕشی بەردەوام"ی ئەو، ئەوەی ڕوونکردبووەوە کە خەسڵەتی "ئاوێتە و تێکەڵ"ی گەشەی ئابووریی ڕووسیا – خەسڵەتێک کە مۆدێرنترین پیشەسازیی دەبەستێتەوە بە دواکەوتووترین ئابووریی جووتیارییەوە – بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ دەهێنێتە بوونەوە کە وەزیفە و

ئەرکەکانی شۆڕشێکی بۆرژوازیی و کرێکاریی تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتر دەکات.

لیبرالەکانی ڕووسیا دژی چینی کرێکار لەگەڵ کۆنەپارێزە خاوەن زەوییەکاندا یەکدەگرن. بە قەولی ترۆتسکی، "چەندە خەباتی جەماوەر ئازایانەتر[بێت]، گۆڕانی کۆنەپارێزیی لیبرالیزم خێراتر [دەبێت]". تەنها چینی کرێکاری ڕووسیا دەیتوانی ڕابەرایەتیی شۆڕشێکی "بۆرژوازیی" بکات.

ئەمە کەم تا زۆر هەمان ئەو شتەیە کە ساڵی 1917 ڕوویدا. وێڕای ئەمە ئاسۆی ترۆتسکی، وەک لینین تەواو ئەنتەرناسیۆنالیستیی بوو. شۆڕشی ڕووسیا نەیدەتوانی دواجار سەربکەوێت، ئەگەر نەتوانێت شۆڕش فراوان بکات و پەرەی پێبدات. ترۆتسکی ساڵی 1906 دەنووسێت "بەبێ پشتیوانیی ڕاستەوخۆی حکومەتی پرۆلیتاریای ئەوروپا، چینی کرێکاری ڕووسیا ناتوانێت خۆی لەدەسەلاتدا بهێڵێتەوە".

ترۆتسکیی چاوەڕوانیی ئەوە بوو بە دەستێوەردانی سەربازیی دەرەکیی لە تەنیشت سوپا دژەشۆڕشەکان و لەناوبردنی فیزیکیی دەوڵەتیی کرێکاریی، شکستێکی گریمانەیی دەگات. بەڵام بەلشەڤیکەکان لە جەنگی ناوخۆییدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. شۆڕش لەبری ئەوەی لەناو بچێت، لەناوەوە داڕما. وێڕای ئەمە گۆشەگیریی شۆڕش، هەر بەو جۆرەی ترۆتسکی پێشبینیی

کردبوو، بووە هۆی ئەوەی کرێکارانی ڕووسیا دەسەڵات بە دژەشۆڕشێکی بیرۆکراتیی بدۆڕێنن.

زۆر نووسەر دەربارەی بلیمەتیی ترۆتسکیی و گەمژەیی و حەماقەتی ستالین بیروبۆچوونیان دەربڕیوە. ئەی باشە چۆن دەتوانین سەرکەوتنی ستالین و شکستی ترۆتسکیی ڕوون بکەینەوە؟ هێزی ترۆتسکی وەک ڕابەرێک، پەیوەندیی بە بەهێزیی باڵای چینی کرێکارەوە هەبوو. لەکاتێکدا ستالین و بیرۆکراسیی هێزی خۆیان لە لاوازیی چینی کرێکارەوە وەردەگرت.

سەرەڕای ئەمانە، ڕەخنە و شیکاریی زیرەک و عاقڵانە و توندی ترۆتسکی بۆ دارمانی شۆڕش، هەلومەرجی بۆ سەرکەوتنی خوازراوی ستالین بەدیهێنا. ترۆتسکیی لەکۆتاییدا ساڵی 1928 لە یەکێتیی سۆڤێت دوورخرایەوە. دوای دەیەیەک، ستالین وەک دژەشۆڕشێکی کامڵ و پێرفێکت دەرکەوت و هەموو ئاسەوار و نیشانەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917ی لەناوبرد.

ستالین تەنها بە برەودان بەئایدیا و بیروبۆچوونە لەبنەڕەتدا دژەمارکسیستییەکانەوە لەژێر چەتر و پەردەی مارکسیزمدا نەوەستدا (بۆ نموونە تیۆریی "سۆسیالیزم لەیەک وڵات"، کە چەمکێکی ڕێکخراوەیی تەواو بیرۆکراتییانە بوو نەک

دیموکراتییانە)، بەڵکو دەستیکرد بە پاکتاوکردنی جەستەیی و فیزیکیی ڕابەرانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.
بە قەولی نیکیتا خرۆشۆڤ، ستالین 70%ی ئەندامان و کاندیدەکانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی ساڵی 1934 و 80%ی ئەو کەسانەی کوشت و لەناوبرد کە پێش ساڵی 1921 پەیوەندییان بەحزبەوە کردبوو.
خەباتی ترۆتسکی دژی کاریگەریی ستالینیزم بابەتی لێکۆڵینەوە و مشتومڕی دواتری ئێمە دەبێت.